IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

Focus



# تێڕوانینی هێزەکانی خۆرئاوای کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی باشووری کوردستان، لە قۆناغی دوای ڕیفراندۆم و ١٦ـی ئۆکتۆبەر

**سلێمان عەرەب**: نوێنەری پارتی یەکێتیی دیموکراتی سووریا پەیەدە لە باشووری کوردستان

مەخابن! هەموو کات لە دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی خۆرئاوادا (ئەنەکەسە) تا ئێستا، دوژمنایەتیی (پەیەدە) دەکات.

**هۆشەنگ دەروێش**: ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا

کێ فەرماندەی هێزی چەکدارەکانە، بێگومان مەسعوود بارزانی، واتە بڕیارە لە سەرکردەکانەوە وەرگیراوە بۆ پاشەکشەکردنی پێشمەرگە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ناتوانێت هەڵوێستێکی کوردستانی هەبێت ئازاد نییە، لە هەڵوێستی کوردستانیدا.

**فەتحوڵڵا حوسێنی**: ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی چەپی کورد لە سووریا

هەموو کات داوامان لە ئەنەکەسە کردوە کە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، واز لەو تەشویشە بهێنن لە سەر خۆرئاوای کوردستان

**د.جاویدان حەسەن**: هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی کانتۆنەکانی خۆرئاوا

هەمیشە داوامان کردوە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانی لە زووترین کاتدا دابمەزرێت، بۆ ئەوەی ستراتیژییەکی ڕوون و ڕەوامان هەبێت

بۆچی کاتی خۆی کاندید بوون بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام لە پەرلەمانی سووریا لە کاتی ڕژێمی بەشار ئەسەد، بۆچی ئێستا خۆیان کاندید ناکەن بۆ ئەوە ببنە نوێنەری خەڵك لە حکوومەتی خۆرئاوای کوردستاندا

**مەحموود محەمەد (ئەبوسابیرا)**: نوێنەری پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سووریا

ئەمەریکا دەڵێت 26 ساڵ دەسەڵاتداری کوردستان، ناکۆکی لە نێوان هێزەکانیدا هەبوو، بۆیە بینیمان چۆن دەستکەوتانی لە دەست دا.

**ئیبراهیم برۆ**: سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە)

هەتا ئەمڕۆ پەیەدە هەمان سیاسەتی یەکەکە جێبەجێ دەکات و قبوڵ ناکات یەک هاوبەشی هەبێت.

**عەبدولباقی یووسف**: ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی یەکێتیی کورد لە سووریا

زۆر گرینگە بارودۆخی باشووری کوردستان چارەسەر بکرێت، چونکە باشوور یەکەم پارچەی کوردستانە، کە ئیدارەیەکی فیدراڵیی هەیە،

***پێت وابوو ڕووداوەکانی باشووری کوردستان، ڕووداوێك بوو دەبوو هەر ڕوو بدەن بە هۆی ڕیفراندۆمەوە؟ یان سیناریۆیەکی گەورەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بوو، بۆ تێکشکاندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە سیناریۆکە جێبەجێ کرا؟**

**د.سلێمان عەرەب**: ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕووی دا، لە کاتێکی کەمدا بۆ کورد و کوردستان، دەستکەوتەکان تێک چوون. بە بڕوای ئێمە لە ڕاستییدا چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد، ئەزموونی کورد لە باشووری کوردستاندا، دەستکەوتێکی گەورە بوون، مەخابن! لە کاتێکی کەم دا ئەو دەستکەوتە گەورانە لە دەست چوون. بە بۆچوونی ئێمە، ئەمە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی چەند ساڵەی هەرێمی کوردستانە، ئەو ئەنجامەی ڕووی دا لە سەر کورد گران بوو بە تایبەت گەلی کورد لە خۆرئاوای کوردستان لە ڕەوشێکی زۆر خراپی دەروونی دەژیان. ئەگەر لە باری سیاسی هەڵبسەنگێنین، ئەو سیاسەتەی کورد لە هەرێمی کوردستان هەیبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، ئێمە وەک پارتێکی خۆرئاوای کورد بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە ڕوو نەدات، زۆر قسەمان هەبوو. بیری نەتەوەیی چارەسەری قەیرانەکانی دەکرد. هەرێمی کوردستان بە گشتی تەنها پارتێکی سیاسیی بەرپرسیاری ئەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان نییە، بەڵکوو هەموو هێزی سیاسی لە باشووری کوردستان بەرپرسیارن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکردە سیاسییەکان، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەرپرسیاری ئەو دۆخەی ئێستای کوردستانن. دەتوانم بڵێم، ئێمە لە خۆرئاوای کوردستان شارەزایی چەند ساڵێکمان هەبوو، لە ئەنجامی ئەو شارەزاییە لە باشووری کوردستان، مرۆڤ سیاسەتی هەرێم دەخاتە پێشەوە، نەک وەک کەرکووک و شەنگال، واتە کاتێک ئێمە دەڵێین، برایەتیی لایەنە سیاسییەکانی عەرەب و سووریا دەبەینە پێشەوە، لەو ناوچەیەدا دەبێت کورد ڕازی بکەیت، نەیاندەهێشت ئێمە ڕێکەوتنێک لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی، کورد، تورکمان، عەرەب، سریانی، ئاشووری ببەینە پێشەوە. لە ئەنجامدا ساڵێک تێپەڕی هەرێم لە پاڵ سەروەریی هێزی کورد (پێشمەرگە)دا، لە شەنگال، مووسڵ، کەرکووک، جەلەولا، خانەقین، نەمانتوانی کارێک بکەین، ئەو هەرێمانە زیاتر لە پاڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا مانەوە، دەستتێوەردانی

**عەلی شەمدین**: ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریا

ئەو ڕووداوانەی لە 16ـی ئۆکتۆبەر ڕوویان دا، یان لە هەر کاتێکی تردا ڕوو بدەن، دەبێت فاکتەرە خودییەکان لە بەرچاو بگرین، ئەگەر لە ناوخۆدا و لە ڕووی خودییەوە بە تەواوی ئامادەکاری هەبێت، ئەو کات کێشە و دەستتێوەردانە دەرەکییەکان کاریگەرییان نابێت، بەڵام ئەگەر ئێمە لە ناو خۆماندا یەکڕیز و یەکهەڵوێست نەبین، سەرجەم دەستتێوەردانە دەرەکی و ناوخۆییەکان کاریگەرییان دەبێت

**کاوە عەزیزی**: ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا

بێگومان پاراستنی کوردستانی سووریا پەیوەستە بە یەکێتیی ئێمەوە، گەر لە کوردستانی سووریا یەکگرتوو نەبین، کوردستانی سووریا نامێنێت

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وای کرد نەمانتوانی رێکەوتنێک لە نێوان لایەنەکانی دروست بکەین.

*** هەندێك پێیان وابوو، ئەوەی لە باشوور روو دەدات دەرئەنجامی ریفراندۆمێکە، کە دەبوو نەکرایە، هەندێکیش پێیان وایە ریفراندۆم یەکێکە لە هۆکارەکان، بەلام فشارەکان و هێرشەکانی سوپای عێراق، حکوومەتی عەبادیی پێش خست، تەنها کاتەکەی پێش خستوە، بەلام فشارەکانی هەر هەبوون، بۆ نموونە لە کۆبوونەوەیەکدا فەرماندە سەربازییەکان و عەبادی پێش شەڕی مووسڵ، داوایان کردوە عێراق بگەڕێتەوە ناوچەکانی پێش 2003، هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، بەلام عەبادی پرسیاری کردوە، ئایا دەتوانن شەڕی پێشمەرگە و داعش بە یەکەوە بکەن؟ گوتوویانە نەخێر، عەبادی گوتوویەتی کەواتە شەڕی هێزی پێشمەرگە یان شەڕی هەرێمی کوردستان با بکەوێتە دوای رزگارکردنی مووسڵ، بێگومان ئەو پرسەیان جێبەجێ کرد. ئایا ریفراندۆم هۆکار بوو، هەرێمی کوردستان هێزە سیاسییەکان، بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و جیهانیان بە باشی نەخوێندەوە، یان نەخێر، جگە لەو هەستە شۆڤینییە عەرەبییەی حکوومەتی عێراق بەرانبەر بە کورد هەیەتی، پیلانێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش بەشدار بوو لەو گەلەکۆمەکێییە؟**

**هۆشەنگ دەروێش:** هۆکاری ناوخۆیی هەیە، کەس ناتوانێت بڵێت بارودۆخی باشووری کوردستان زۆر باش بوە، حکومەتێکی کارا بە مانای حکوومەت نەبوو، پەرلەمان نەبوو، رێکەوتن لە ناو ماڵی کورددا نەبوو، بارودۆخی ئابووریی خەڵکی کوردستان زۆر باش نەبوو، خەڵکی هەرێمی کوردستان هەر لە چاوەڕوانیی پێدانی مووچە دا بوون، ئایا مووچە دابەش دەکرێت یان نا؟ رێکەوتنێکی ناوخۆیی نەبوو، تا بتوانین باسی ریفراندۆم بکرێت. هێزێکی وەک ئەمەریکا بە ملیار دۆلاری لە عێراق سەرف کردوە، ژمارەیەک لە هێزەکانی خۆی لە خاکی عێراق داوە بە کوشت و راستی ئەوەیە ئەمەریکا بۆ بەرژەوەندیی خۆی هاتوەتە عێراقەوە. رێگەپێدراو نییە ئەمەریکا تۆی دروست کردبێت، دوای پێی

## هەرێمی کوردستان بە گشتی تەنها پارتێکی سیاسیی بەرپرسیاری ئەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان نییە، بەڵکوو هەموو هێزی سیاسی لە باشووری کوردستان بەرپرسیارن

بڵێیت بە قسەی تۆ ناکەم، جاری یەکەم رای گەیاند، ئێستایش ئەمەریکا سزای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدات، هەر کاتێک سزادانەکە تەواو بێت، یەکسەر عەبادی دەگەڕێتەوە بۆ هێڵی سوور، دەبێت بوەستێت، ئەمەریکا هەر کات بە عەبادی بڵێت بوەستە دەوەستێت. خاڵێکی تر هەیە لە لای من گرینگە، بۆچی ئەو زەمینەیە لە هەرێمە کوردستان بۆ ریفراندۆم ئامادە بوو، هۆکاری چییە؟ بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان هیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بە تایبەتی لەم بڕیارەدا، سیاسیی ئازادانە نەبوو، چەندین ساڵە هێزی تورک لە بەعشیقەیە، دەمانزانی کاتێک سەردانی مەسعوود بارزانی بۆ تورکیا لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە یەک ئاڵای کوردی هەبوو، تورکیا ئاڵای کوردی بەرز کردبووەوە، دان بە دەوڵەتی کوردیدا دەنێت، بەشێک لە راگەیاندنەکانی دەیانگوت تەواو، دەوڵەتی کوردی راگەیەنرا، ئەو سیاسەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان دایناوە سیاسەتێکی کاتیی تورکیایە بۆ هەندێک بەرژەوەندیی ئابووری، نابێت لە راستییەکان چاوپۆشیی بکەین. کاتێك (یەڵدرم) لە سەردانێکدا هاتوە بۆ هەولێر و سەر خاکی کوردستان دەڵێت رێکەوتنێکی خۆمان هەیە بۆ دژی تیرۆر و دژی پارتی کرێکارانی کوردستان

شـەڕ دەکەیـن. ئـەو کاتـە کـەس نەبـوو بڵێـت پـارتی کرێـکارانی کوردسـتان تیرۆریسـت نییـە، زەمینەیەکـی ناوخۆیـی هەبـوو، لێرەدا پرسیارێکی گرینگ هەیـە. گونجاوە ئەمەریکا، بەریتانیـا، فەرەنسـا، نەتـەوە یەکگرتـوەکان، ئێـران، تورکیا و ئـەم دەوڵەتانـە هەمـووی بڵێـت نەخێـر، بـەڵام حکوومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بڵێـت مـن هـەر ڕیفرانـدۆم دەکـەم. ماکگـۆرک لەگـەڵ مەسـعوود بـارزانی لـە دهـۆک کـۆ بـووەوە، چـاوەڕوانی لـە هەولێـر نەکـرد خـۆی لەگـەڵ بەریتانیـا، فەرەنسـا، نەتـەوە یەکگرتـوەکان، چـوە دهـۆک بـۆ لای مەسـعوود بـارزانی، کۆبوونەوەکـەی ماکگـۆرک تـەواو بـوو، ماکگـۆرک دەڵێـت: ڕیفرانـدۆم مەکـەن، بـەڵام مەسـعوود بـارزانی هـەر کۆبوونـەوەی ئەنجـام دا و بەڵێنـی دا ڕیفرانـدۆم بـکات، دەیگـوت مـن حساب بـۆ کـەس نـاکام. ئـەوە مەترسییەکی زۆر گـەورە بـوو. خاڵێکـی تـر هەیـە نابێـت لـە بیر بکرێـت. مەسـعوود بـارزانی ویسـتی لـە ڕێگـەی ڕیفراندۆمـەوە، بەردەوامـی بـە دەسـەڵاتی خـۆی بـدات، ویسـتی خـۆی دەربـاز بـکات لـە کێشـەی ناوخۆییانـەی کـە هەیـە.

***16ـی ئۆکتۆبـەر کاتێـک کـەرکـووک کەوتـە دەسـت سـوپای عێـراق، هەمـان ڕۆژ هێزەکانـی سـوپای سـووریای دیموکـرات و (یەپەگـە) و (یەپـەژە) لـە خۆرئـاوا، شـاری ڕەقـە ڕزگار دەکـەن، پارادۆکسـێکی زۆر هەیـە لـەم نێوەنـدەدا، تەنانـەت ئـەو پارادۆکسـە ڕووداوەکانـی سـاڵی (1996)مـان بیـر دەخاتـەوە، کاتێـک 31ـی ئـاب پارتـی سـوپای عێراقـی هێنایـە سـەر هێزەکانـی یەکێتـی لـە هەولێـر، ئـەو ڕۆژە تاڵیبـان لـە ئەفغانسـتان دەسـتی بـە سـەر کابوولـدا گـرت. ئـەم لـە یەکچوونانـە چـۆن دەبینیـت؟ بۆچـی بـەو ئیمکانیاتانـەی لـە خۆرئـاوا هەیـە شـارێکی گـەورەی وەك ڕەقـە ڕزگار دەکرێـت، کەچـی شـارێکی گـەورەی وەك کەرکـووك دەکەوێـت؟ بۆچـی ئەمەریـکا پشـت لـە کەرکـووك دەکات، پشـت لـە یەکێتـی و پارتـی دەکات لـە باشـوور، بـەڵام پشـتیوانی لـە هێزەکانـی (پەیـەدە) دەکات لـە خۆرئـاوا، پارادۆکسـێك لـە سیاسـەتی کوردیـدا هەیـە، یـان بێمۆراڵییـەك لـە سیاسـەتی ئەمەریـکادا هەیـە؟**

**فەتحوڵـڵا حوسـێینی:** هـەر دووکیـان بـە یەکـەوە، بابـەتی ڕزگارکـردنی ڕەقـە سـەرکەوتنە بـۆ هێـزی سـووریای دیموکـرات، پـڕۆژەی سیاسـیی کـورد بـەرەو پێشـەوە دەبـەن لـە خۆرئـاوای کوردسـتان و باکـووری سـووریا. سـەرکەوتنە بـۆ هەمـوو کوردێـک کـە خـەون و ئامانجیانـە لـە سـووریا خۆیـان و هەمـوو پێکهاتەکان و جوگرافیـا و دیموگرافیـای خۆیـان بپارێـزن، بـەڵام کەوتنـی کەرکـووک بـە بـڕوای مـن کارەسـاتێک بـوو نـەک بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، بەڵکـوو بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان، کەرکووک سـیمبولێکە جێـگای ناکۆکییـە، شـارێکی بـەردەوام برینـدارە و بـەردەوام ناکۆکـی و شـەڕ لـە سـەر ئـەو شـارە هەیـە. هاتنـی هێـزی عێـراق و پاشەکشـێکردنی پێشـمەرگە کەمکردنەوەیـەک بـوو بـۆ ڕۆڵ و نـاو و شـکۆی پێشـمەرگە. خەڵکـی کـورد سروشـتێکی سـۆزداری هەیـە، لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان سـمبولی پێشـمەرگەی تێکشـکاند. چـۆن جارێکـی تـر دەتوانیت شـکۆ بـۆ ئـەو هێـزە شـەڕکەرە، فیـداکارە دروسـت بکەیتـەوە. سـەرکردایەتیی سیاسـیی کـورد بـە پلـەی یەکـەم، بەرپرسـە لـەم بارودۆخـە. لەبـەر شـکۆی ئـەوان ئـەو ناوچانـەی ناکۆکییـان لـە سـەرە ڕادەسـتی هێـزی عێـراق بکاتـەوە، هەمـوو دەزانـن بڕیـار لای هێـزی عێراقـی هەبـوو کـە هێـرش بکەنـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام ڕیفرانـدۆم پاسـاوێک بـوو ئـەو هێزانـە خۆیـان کـۆ بکەنـەوە و لەگـەڵ حەشـدی شـەعبی هێـرش بکـەن. ئێسـتا پڕوپاگەندەیەکـی بـاش لـە عێـراق هەبـوو، دەڵێـن حەشـدی شـەعبی هێزێکـی خەتـەرە، هێزێکـە سـەری خەڵـک دەبـڕن، لەبەر ئـەوە ئـەو پڕوپاگەندانـە کاری کـردە سـەر هێـزی پێشـمەرگە. خاڵێکـی تـر لـە بیـر نەکەیـن، ئەویـش ڕێـک نەخسـتنی ماڵـی سیاسـیی کـورد و بارودۆخـی سیاسـی لـە لایەکـەوە و ڕێـک نەخسـتنی هێـزی لەشکری کـوردی لـە لایەکـی ترەوە. تا ئێسـتا دوو هێـزی پێشـمەرگە هەیـە، دوو فەرمانـدەی پێشـمەرگە هەیـە، پڕوپاگەنـدەی هێـزی تایبـەتی هەیـە وەک هێـزی زێرەڤـانی ئـەو پشـتیوانییە لۆجسـتییەی، کـە بـۆ ئـەو هێـزە دەچێـت، بـۆ هێـزی تـری پێشـمەرگە بـە فەرمـی ناچێـت. بـە بـڕوای مـن دوای 26 سـاڵ لـە حکومڕانیـی کـوردی، کـورد 50% خاکـی خـۆی لـە دەسـت دا. گـەر ئیسـتیحقاقێکی کـوردی هەبوایـە، ئەگـەر بڕیارێکـی سیاسـیی لـە لای ئێمـە هەبوایـە، دەبوایـە 24 کاتژمێـر پەرلەمـانی کوردسـتان دانیشـتن کـراوە بوایـە، تـا ئێسـتا پەرلەمـانی کوردسـتان ناتوانرێـت دانیشـتنێک ئەنجـام بـدات، لـە کاتێکـدا بڕیـاری شـەرعی لـە لای پەرلەمانـە. بڕیـاری ڕیفرانـدۆم ئەگـەر ئێمـە لەگەڵیـدا بیـن یـان نـا، بڕیارێکـی ناکـۆک بـوو لـە نێـوان هەمـوو هێـزە سیاسـییە کوردییـەکان، لەبـەر ئـەوە هێـزی ئیقلیمـی بـە تایبـەت تورکیـا،

ئێران، عێراق، دەتوانن سوود لەو نایەکڕیزییەی هێزی سیاسیی کوردستان وەربگرن. گۆڕان ئێستا هێزێکی سەرەکییە لە حکوومەت و پەرلەماندا، لە شەقام دا هێزی سێیەمە لە دوای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆچوونی گۆڕان وەرنەگیرا، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان هێزی چوارەمە، لە دەرەوەی بڕیاری سیاسی مایەوە. لەبەر ئەوە ئیستیحقاقێکی سیاسیی نەخوازراو بوو. ئیستیحقاقی سیاسیی دەبێت ئەو کەسانەی پشتگیریی ڕیفراندۆمیان دەکرد، داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن، دەبێت بە خەڵک بڵێن ئەوە نسکۆیەک بوو، پاشان چۆن خۆمان بەهێز بکەین. دڵنیایی بدەینە خەڵکی خۆمان بڵێن ئێمە دەگەڕێینەوە ئەو سنورەی، پێشتر جێگیر بووین، بڵێن دەتوانین هێزەکان و ماڵی کوردی ڕێک بخەینەوە، یەک هێزی سیاسیی دروست بێت. لاوازبوونی باشووری کوردستان، لاوازبوونە بۆ خۆرئاوا و باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان. بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان، بەهێزکردنی هەر چوارپارچەی کوردستانە.

*** هەندێك پێیان وابوو، ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕووی داوە، دەرئەنجامی لێکەوتەی ڕیفراندۆم بوو، ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییەکان بوو، نایەکسانی و گەندەڵی بوە، هێزەکانی باشووری کوردستان نەیانتوانیوە مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ حکوومەتی عێراق بکەن. هەندێکیش دەڵێن نەخێر، ئەوە سیاسەتی شۆڤینییانەی عێراق بوو بەرانبەر بە کورد، جگە لەو بۆچوونانە ئایا لە یەکچوونێك و مەترسی دەبینێت کە لە سەر خۆرئاوای کوردستان هەبێت لە داهاتوودا؟**

**مەحموود محەمەد (ئەبوسابیر)**: بە ڕاستی ئەوەی 16ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک، خانەقین و هەموو ناوچە دابڕێنراوەکان ڕووی دا، کارەساتێک بوو بۆ کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. بە بڕوای من، ئەگەر ڕیفراندۆم بکرایە یان نەکرایە، دوای لاوازبوونی داعش، ئەمە سیناریۆیەکی بەرچاو بوو، لەبەر ئەوە ڕیفراندۆم مافی سروشتیی هەموو میللەتێکە، بە تایبەتی میللەتی کورد، من زۆر جار گوتوومە نە 9/25 ڕیفراندۆم دەکرێت نە 9/26 دەوڵەتی کوردی دروست دەبێت. زۆر کار پێویست بوو بۆ سەربەخۆیی بکرێت، یەکێک لەوانە یەکڕیزیی ناو ماڵی کوردی، یەکڕیزیی ماڵی کوردی بۆ ئێمە وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لە سووریا خواستێکی سەرەکیی ئێمەیە، ئێمە بانگەواز دەکەین لە هەر چوار بەشی کوردستان یەکڕیزی دروست ببێت، لە بەر ئەوە هێزێک بە تەنها ناتوانێن وڵاتێک بەڕێوە بەرێت، وەک ئێمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوە یەکڕیزی بۆ ئێمە پێویستە، بۆیە کوردستانی باشوور ڕاستە گەلێک ناکۆکیی هەبوو، ڕیفراندۆم بوو بە بڕیارێکی گشتی،(36 پارت لەگەڵ 2 پارتی دژ) ڕیفراندۆم مافێکی سروشتیی هەر میللەتێکە، ئەو سەردەمەی عەبادی بە پاڵپشتی هێزی ئێرانی، تورکیا مەبەستی سەرەکییان ئەو هیلالی شیعیی جێبەجێ بکەن. ئێران دەڵێت: ئەوە پڕۆژەی ئەمەریکایە بۆ ئەوەی سووریا، عێراق، لوبنان، تێک بدات. ئێمە وەک پارتی سیاسیی کوردی هەموو بە یەکەوە بەرپرسیارین، لە باشوور، خۆرئاوا، باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان. لەبەر ئەوە داهاتووی ئێمە گرێ دراوە بە یەکەوە، ئەمە ئەزموونێکە بۆ هەر چوار بەش، هیچ کات باوەڕ بە ڕژێمی داگیرکەر نەهێنن، چەندین جارە ئێران پاڵپشتی کوردی کوردستانی عێراق ناکات، چەندین جارە عەبادی پاڵپشتی کوردی کوردستانی خۆرئاوا، باکوور، خۆرهەڵات ناکات. وەک تەڤگەری سیاسیی کورد دەبێت یەک هەڵوێست بین پاشان دەتوانین داوای مافەکانی خۆمان بکەین.

*** باسی یەکگرتووی و یەکپارچەیی دەکەیت، بەڵام خۆتان لە خۆرئاوا یەکگرتوو نین، بۆچی هێزەکانی خۆرئاوای کوردستان لە نێوان خۆتاندا ئەو یەکگرتووی و تەباییە نییە لە نێوانتاندا، بۆ نموونە بەشێك لە هێزەکانی خۆرئاوای کوردستان بە تایبەتی ئەو هێزانەی لە ناو (ئەنەکەسە)دان گلەییی زۆریان لە هێزەکانی (پەیەدە) یان لە خۆرئاوای کوردستان هەیە؟**

**مەحموود محەمەد (ئەبوسابیر)**: کاتێک دەڵێم یەکڕیزی، مەبەستم تەنها باشووری کوردستان نییە، بەڵکوو باکوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوایشە، لە خۆرئاوای کوردستان پڕۆژەی فیدڕاڵیی باکووری سووریا هەیە. سەرۆک وەزیری دەرەوەی سووریا دەڵێت: ئێمە دەبێت ئەم جارە گفتوگۆ لە سەر دیموکراتی بکەین. من کاتێک باسی یەکڕیزی دەکەم بۆ هەر چوار بەشی کوردستانی داوا دەکەم. من دەڵێم پێویستە لە دەستپێکی هەر شتێک یەکڕیزی لە نێوان خۆماندا دروست بکەین، هەموو یەک هەڵوێست بین، پاشان کۆنگرەیەکی

نەتەوەییی کوردستانی دروست بکەین. من دەڵێم پارچەکانی باشووری کوردستان یەکڕیز نیین، پارتەکانی ناو خۆرئاوایش یەکڕیز نیین. دەبینین لە مێژەوە تا ئەمڕۆ، هەر جارە مۆمێک لە بەشێکی کوردستاندا دابگیرسێت، جڤاتی سێقۆڵی و چوارقۆڵی: عێراق، تورکیا، سووریا، ئێران، کە نەتەوەی جیاوازن و لە سەر نەتەوەی کورد دەبنە یەک، ئەمە چ نهێنییەکە؟ ئازادی بۆ هەرێمی کوردی، ئازادی بۆ مافی مرۆڤ ئامانجی ئێمەیە، کەچی هەموو ئەو نەتەوەکان دەبنە یەک لە سەر پرسی کورد. دەبێتە بە سیاسەتی خۆماندا بچینەوە، وەک کوردستانی خۆرئاوا، هاوپەیمانیی نیشتیمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) بەڕێوەبەریان دەوێت، پێویستە کەسایەتیی و حیزبایەتیی خۆمان بە لاوە بنێین و لە نزیکترین کاتدا گفتوگۆ بکرێت، ئەمە ببێتە پڕۆژەیەک، چۆن ڕەوشی سووریای داهاتوو، چۆن بارودۆخی کورد لە خۆرئاوای کوردستان بەرەو پێش دەچێت. بە بڕوای من ئەمە پیلانێک بوو لە دژی کوردستان، لە دژی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، نەک تەنها باشوور. ئەگەر مەلیک فەیسەڵ، عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف، عەبدوڕەحمان عارف، سەدام حسێن، داواکردنی ڕیفراندۆم بە بێ کەرکووک قبوڵ دەکەن، کەرکووک ناوچەیەکی ستراتیژی، ئابوورییە هەمووی ئامانجی ئەوانە، بە بڕوای من دەبێت 2017/10/16، ببێتە وانەیەک بۆ تەڤگەری سیاسیی کوردی.

***یەکێك لە شکستەکانی باشوور، نەبوونی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانە، بۆ نموونە دوو هێزی پێشمەرگە، دوو ئیدارەیی تا ڕادەیەك، بەڵام ئەم قسانە لە خۆرئاوایش ڕاستە بوونی هێزەکانی (پەیەدە) هێزەکانی (یەپەگە و یەپەژە)، هێزەکانی سووریای دیموکرات، ئیدارە و کانتۆنەکان لە لایەك، بوونی هێزی (ئەنەکەسە)، (هێزی ڕۆژ) لە دەرەوەی خۆرئاوا، دابەشبوونی خۆرئاوای کوردستان بە چەندین بیروبۆچوونی جیاواز کە دژی یەکترن. بۆ نموونە هێزەکانی (ئەنەکەسە) پێیان وایە خۆرئاوای کوردستان لە لایەن (پەیەدە)وە داگیر کراوە، کۆنترۆڵ کراوە ڕێگا بە کەس نادرێت، بۆ نموونە داوایان کردوە هێز، پۆلیس، ئاسایشی جیاوازی خۆیان هەبێت. واتا خۆرئاوای کوردستان و باشووری کوردستان لە زۆر بابەتدا لە یەك دەچن، کەواتە دەبێت مەترسیی ئەوەمان هەبێت، کە بارودۆخەکە لە یەك دەچێت! لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستاندایە، نەیاری زۆرە، نەیاری دەرەکی ئەگەری ئەم سیناریۆیانە لە خۆرئاوا دووبارە ببێتەوە، ئەگەری هەیە یان ئەو هێزانە کە لە دەرەوەی خۆرئاوا هەیە مەترسی نییە لە سەر ناوخۆ؟ یان تا چەند ڕاستی هەیە لەو بەراوردکردنە کە لە نێوان باشوور و خۆرئاوا سەبارەت بەو نایەکگرتوویە کە بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتییەکەی دەخەنە ئەستۆی ئێوە؟**

**د. جاویدان حەسەن:** ئەگەر بەراوردێکی ڕاست بکەین، لە نێوان خۆرئاوا و باشووری کوردستاندا، دەتوانم بە کورتی وەڵام بدەمەوە، هەم هێزی سیاسی، هەم هێزی لەشکری، هەم پڕۆژەی چارەسەری هەم ڕاستیی ژیان، کە لە خۆرئاوای کوردستان دەژین. لە دەستپێکی شۆڕش لە خۆرئاوای کوردستاندا وەک هێزی کوردان لە خۆرئاوای کوردستان، هێزی خۆی، لەشکری ئامادە کردوە، لە سەر ناوی هێزی پاراستنی یەکینەکانی گەل (یەپەگە)، (یەپەژە)، هێزی ئاساییش، ئەو هێزانە نە هێزی پارتێکن نە هێزی پەیەدەیە، من وەک بەرپرسیارێکی (پەیەدە) چ هەڤاڵ و ئەندامێکی ئێمە چوەتە هێزی لەشکرییەوە. ئەو ئەندامەی ئێمە دوور خراوەتەوە، بەڵام هەموو حیزبە کوردییەکانی خۆرئاوای کوردستان، لەبەر ئەوەی هێزی لەشکری لە خۆرئاوای کوردستاندا سەر بە هێزی هیچ پارتێک نییە، هێزی گەلە، هێزی نیشتیمانپەروەرییە. لەبەر ئەوە ئەو هێزەی لە باشووری کوردستانە مەخابن، هێزێکی عەسکەرییە لە پاڵ سەروەریی هەندێک سیاسی دایە سەر بە هێزی پارتییە، ئەو ئەنجامەی لە کەرکووک و شەنگال ڕووی دا، لەبەرئەوەی دوو هێزی عەسکەری بوون، ئەو کاتەی کشانەوە، هەر دوو هێزەکە یەکتریان تاوانبار دەکرد، بۆیە ئەو کارەساتە ڕووی دا، چونکە هێزەکان سەر بە حیزب بوون. لە خۆرئاوای کوردستان (پەیەدە) وەک پارتێکی بەهێز و ڕێکخراوێکی جەماوەریی بەهێز هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو هێزانە هێزێکی دەسەڵاتدار بن، لەبەر ئەوەی هێزی پارتی ئێمە هێزێکی عەسکەری نییە یان دەسەڵاتدار نین.

سیاسەتی ستراتیژیی ئێمە لە قووڵایی سووریادا، ئێمە

ستراتیژییەکی برایەتیی گەلانمان هەیە، هەموو پێکهاتەیەکی جڤاکی بخاتە ناو ئەو برایەتییەوە لە ناو سیستمدا، هەموو خزمەتی پرۆژەی گەل بکەن، بە تایبەتی پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نەتەوەی کورد. کاتێک لە خۆرئاوای کوردستان، خەباتمان کرد، چووینە رەقە، دێریک، تەلحەمیس، گرێی سپیمان ڕزگار کرد، لەو ناوچانە هەندێک لایەنی سیاسی دەڵێن: کورد لە ناوچەی سنوری دەرەوەی کوردستان شەهید دەبێت. ئەگەر هێزی پێشمەرگە بیانتوانیایە پرۆژەیەکی برایەتی و ڕێکەوتنێک لە نێوان باشوور و عێراق پێش بخستایە، پێشمەرگەی کەرکووک، دەبوو لە حەویجە بوونایە، لە شەنگال بوونایە، لە مووسڵ بوونایە، ئەو کاتە شەنگال و کەرکووک نەدەکەوت، واتە چوونە قووڵییی سووریا ئەوە ئەنجامی ستراتیژی ئێمەیە، هەم بەرنامەی سیاسیی یەکێتیی هێزی سیاسیی کوردییە، بەڵام لە خۆرئاوای کوردستان یەکێتییەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، نەک وەک هێزی کوردی لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕش لە دەرەوەی هێزی سیاسیی مانەوە، بیر و بۆچوونی سیاسیی نەما، پێویستە بگەڕێینەوە سەر هێڵی نەتەوەیی کوردی نیشتیمانی، ئەو هێزانە لە بۆچوونی سیاسیی خۆیان بەردەوامن. دەتوانم بڵێم پشتگیریی هێزی نێودەوڵەتی بە تایبەتی ئەمەریکا، ڕووسیا، لە خۆرئاوای کوردستان هێزی ئێمە، بە هاوکاریی ئەمەریکا و ڕووسیا دروست نەبوو، بەڵکوو پشتگیریی ئێمە گەلی خۆمانە، پشتی ئێمە جڤاتی ئێمەیە، لەبەر ئەوە مخابن! لە باشووری کوردستان، هێزی نێودەوڵەتی پشتگیریان دەکات، لە باشووری کوردستان ناڕێکییەکی زۆر لە نێوان گەل و دەسەڵاتداران هەیە، بەڵام لە خۆرئاوای کوردستان ئێمە پشتیوانیمان لە ئەمەریکا و ڕووسیا وەرنەگرت.

*** بۆچی پشتیوانیی ئەمەریکا و ڕووسیا بە نادیدە دەگرێت، پێتان وایە سێیەمن لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا ، ئێستا ڕوونە هێزەکانی ئەمەریکا چەك و پێداویستی بۆ ئێوە دەنێرێت، پشتیوانی لە هێزەکانی خۆرئاوا و هێزەکانی سووریای دیموکرات یان (یەپەگە و یەپەژە) دەکات، بۆچی پێتان وایە پشت ئەستوورن بە گەل، بەڵام لە ڕاستیدا باس لەوە دەکرێت کە حکوومەتی سووریا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕووسیا یارمەتیی ئێوە دەدەن، ئەمەریکا بە**

> **کاتێك (یەڵدرم) لە سەردانێكدا هاتوە بۆ هەولێر و سەر خاكی كوردستان دەڵێت ڕێكەوتنێكی خۆمان هەیە بۆ دژی تیرۆر و دژی پارتی كرێكارانی كوردستان شەڕ دەكەین. ئەو كاتە كەس نەبوو بڵێت پارتی كرێكارانی كوردستان تیرۆریست نییە**

**ئاشکرا چەك و پێداویستی و ڕاوێژکارە سەربازی بۆ ناردوون؟**

**د. جاویدان حەسەن:** لە پەیوەست بە کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و شۆڕشی خۆرئاوا بە تایبەتی، ڕێکەوتنێکی ستراتیژی تا ئێستا بوونی نییە، هەموو هێزی کورد لە واقیعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێوان ئەو ناڕێکییەدایە، ئێمەیش وەک هێزێک لە خۆرئاوای کوردستان یان باکووری سووریا، وەک هەموو هێزێک کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و جێگەی خۆیان دەگرن، جێگەی خۆمان دەگیرن و لە ناو ئەو تێکەڵییەداین، ئێمە پشتمان بەو وڵاتانە نەبەست. ئێمە ئیرادەی خۆمان ناخەینە دەستی ئەو وڵاتانە، ئێمە خۆمان هێزێکی ستراتیژیی گەورەین و کار دەکەین. ئەمڕۆیش دوای ڕزگارکردنی ڕەقە و شکستی داعش، هێزێکی مێژوویین، کورد ئەوەیە کە داعشی تێکشکاند. لەبەر ئەوە ئەمڕۆ کورد لە خۆرئاوای کوردستان و باکووری سووریا، هەم هێزێکی چارەسەرە و هەم شەڕکەرە، واتە لە سیاسەتدا پرۆژەیەکی چارەسەرییە بۆ هەموو سووریا و هەم بۆ شەڕکردن لە بەرانبەر داعش وەک هێزێکی ئیرهابی، هەم لە بەرانبەر سیستمی دەسەڵاتدار، دژی ئەو مافە نەبێت کە بۆ کورد دەستەبەر دەکرێت.

*** لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە تا ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان 535 بیرە نەوتی لە دەست داوە، کە دەگاتە ٪60بیرە نەوتەکانی، رۆژانە800000 بەرمیل نەوتی دەناردە دەرەوە، بەڵام ئێستا دەتوانێت 150000یان200000بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، تەنانەت بەشێك لە خەڵكی کوردستان پێیان وایە کاتێك800000بەرمیلی هەناردەی دەرەوە دەکرد، نەیدەتوانی مووچەی خەڵك بدات ئایا ئێستا بە 200000 بەرمیل هەناردە دەتوانێت مووچە دابین بکات. جگە لەوەی لە ماوەی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان37هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی لە دەست داوە، بە دابەشکراوی لە نێوان نفوزی سەوز و زەرد، بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی زەرد، چیمەن شێراوا، مەخمور، فیشخاپووری لە دەست داوە. لە ناوچەی سەوز کەرکووك، پردێ، بەشێك لە ناوچەکانی خانەقینی لە دەست داوە، ئێستا بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ دوای ڕزگارکردنی ڕەقە بەشێکی زۆر لە بیرە نەوتییەکانی خۆرئاوا کەوتوەتە دەست هێزەکانی سووریای دیموکرات، پەیەدە، گلەیی لەو بارەیەوە هەیە، کە خەڵك وەك پێویست ناتوانێت سوود لە نەوتی خۆرئاوا وەربگرێت، باس لەوە دەکرێت ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕووی داوە لە بابەتی نایەکسانی و گەندەڵی لە خۆرئاوا بە دی دەکرێت، واتا ئەو فاکتەرانە فاکتەرێکی هاوشێوە نییە؟ بۆچی هێزەکانی سووریای دیموکرات و پەیەدە حاکمیەتی خۆرئاوا سوود لەمە وەرناگرن کە بارودۆخەکەی باش بکات، یەکگرتوو بێت، هاوکاری بکات لە نێوان هێزە سیاسییەکان، (ئەنەکەسە) ڕازی بکات کە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات نەك ئەنەکەسە بۆ نموونە پارتی پێشڕەوی دیموکراتی کوردی سووریا، عەبدولحەمید دەرویش ئەو گلەییەی هەیە لە ئێوە، ناهێڵن بەشدار بن، ناهێڵن بۆ چوونی جیاوازییان هەبێت، مەبەستم ئەوەیە دەرس لەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان وەربگرن، کە یەکێك لە گرفتەکان، گرفتە ناوخۆییەکانە، نایەکگرتوویی هێزی یەکێتیی و پارتییە، بە تایبەتی دوو هێزی جیاواز، دوو ئیدارەیی، دوو سیاسەتی جیاواز، دوو کاریگەریی تورکیا و ئێران، دوو هیلالی شیعی و سوننی، بێگوێییکردنی ئەمەریکا، دەڵێت ئەوە هێزی خۆمانە نەك هێزی پشتیوانیی ئەمەریکا، واتە ئیرادەی گەلە؟**

**هۆشەنگ دەرویش:** لە ڕاستیدا پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، خاڵێک هەیە لە سەر کەرکووک، دوای 16ـی مانگ لێدوانێکی زاڵمای خەلیلزاد هەیە دەڵێت: ئەگەر کورد لە کەرکووک بەرگریی لە کەرکووک بکردایە، بە بڕوای من ئەمەریکا دەهاتە سەر خەت. پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆچی بە تایبەتی کەرکووک؟ بۆچی فەرماندەی میحوەری شەڕ لە کەرکووک، ڕاگەیاندنێکی ڕوونی لە سەر کەرکووک هەبوو دەڵێت: چەکی خۆمان بەشی شەڕی نەکرد، ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ هێزی نێودەوڵەتی و هێزی ئەمریکی کرد، گوتیان بکشێنەوە باشترە، دەڵێت ئێمە پێوەندیمان پێیانەوە کردوە، کاتژمێر 2ی شەو شەڕ بوە هەتا کاتژمێر 7ی بەیانی، پێوەندی کردوە بە وەزارەتەوە چەکیان بۆ بنێرن، بەڵام وەزارەت هیچ وەڵامێکی نەبوە، بۆ ئەوەی چەک و تەقەمەنییان بۆ بنێرێت، مەبەستم ئەوەیە پرۆژەیەک هەبوو، ئەو پرۆژەیە دەبێت هێزی عێراق بچێتە ناو کەرکووکەوە، کەرکووک وردەوردە وێران ببێت وەک مووسڵ، بەشێک لە کوردەکانی کەرکووک، بچن بۆ هەولێر بەشێکیش بۆ سلێمانی، ئەو کاتە بڕۆن بۆ ئەمەریکا بۆ ڕای جیهانی بڵێن کورد خەریکە لە ناو دەچێت وەرن دەستتێوەردان بکەن. بۆچی یەکسەر چوونە سنوری کەرکووک، ناوچەی سەوز، چونکە کەرکووک نفوزی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە ئەمە بە ڕوونی دیارە، ئەمەیش پرۆژەیەک بوو لە سەر کارێک دروست ببوو پارتی: بە واتای من خۆم پرۆژەی خۆم پێشکەش دەکەم، نەک ناوچەی خۆم، نەک خۆم باجەکەی بدەم، باجەکەی کەرکووک، خەڵکی کەرکووک دەیدات، بە بۆچوونی ئێمە ڕاوێژکارەکانی ئەو کارەی کرد، ئەو خاڵە زۆر گرینگە دەبێت هەموو خەڵکی ئەوە بزانێت، چونکە بابەتێکی گرینگتر هەیە، کاتێک کە بانگەشەی دەکرد، دوا جار سەری یەک لیوا دیار نەبوو، ڕاست نییە ئەو کەتیبەیە نەگەییشتە کەرکووک، ئامانجی ئەوە بوو خەڵکی

کەرکووک بڕۆنە دەرەوە، پاشان هێرش بۆ سەر کەرکووک دەستی پێ کرد، دواتر بڵێن بە ئەمەریکا و ئەورووپا بڵێن بە هانامانەوە وەرن، بڵێن میللەتی خۆمان وێران بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان ویستی ئەو بابەتە دروست بێت. سیاسەتی خۆمان بەرانبەر (ئەنەکەسە)، ڕوونە بە ئەنەکەسەمان گوت ئێستا کارێکی سیاسیی هەیە بێن بە بەشێک لەو کارە سیاسییە لە خۆرئاوای کوردستان، ئێوە ڕەخنەی خۆتان هەیە لە چ دەزگایەک: پەروەردە، تەندروستی بێت، فەرموون وەرنە جێگای خۆتان، دەتانەوێت بڵێن ئەوەمان دەوێت چاکسازیی تێدا بکەین، چ بۆچوونێکی تازەی خۆتان هەیە وەرن بێن بە بەشێک لە پرۆژەی چاکسازیی سیاسی، بەڵام مەخابن (ئەنەکەسە) هیچ نابێت بە بەشێک لە چاکسازیی سیاسی لە ئێستادا، بەردەوام دەڵێم دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، دوو سیاسەتی جیاواز هەیە، دوو فیکری جیاواز هەیە، (پەیەدە) لە خوێندنەوەی واقیعی سووری، تێکەڵکردنی هێزی ئیقلیمی، چارەسەرکردنی کێشەی سووریا بە چ شێوەیەکە. هێزێک هەیە بەشێک لە ئیئتلافی نیشتیمانی، ئەگەر ئەو ناوچەیە تەخت بێت کێشەی نییە، خۆمان یەک سیاسەتمان لە لامان ڕوونە ئەویش، چۆن پارێزگاری لە خەڵکی خۆرئاوای کوردستان بکەین، چۆن شاری خۆمان نەکەینە شارێکی وێرانە، بەڵام ئەگەر وەک (ئەنەکەسە) بڕۆین، هاوپەیمانیی نیشتیمانی 17خاڵی هەیە ئیمزا کراوە. دووبارە دەکاتەوە کە (ئەنەکەسە) پابەندە بە هەموو سیاسەتی هاوپەیمانی، هاوپەیمانیی نیشتیمانی ئەو کاتە دەتوانێت، مادام تۆ پابەندی بە سیاسەتی خۆت، فەرموو دەرگای خۆرئاوا کراوەیە، مافی ئێمە ئاساییە هەر چی هێزی خۆمان هەیە، دەتوانێت بێتە ناو خۆرئاواوە، شەڕی ڕژێم دەکەن، بەڵام ئەوان شەڕکەرن، ئەو کاتە بە ڕژێم دەڵێن فەرموو وەرنە ناو شارەکەوە وێرانی بکەن.

***ڕێگا بە (ئەنەکەسە) دەدەن هێزی چەکدارییان هەبێت، هێزەکانی ڕۆژ بگەڕێنەوە خۆرئاوا؟**

**هۆشەنگ دەروێش:** ئێستا باشووری کوردستان چەند باجی داوە، لەبەر ئەوەی دوو هێزی هەیە، بە هیچ شێوەیەک لە خۆرئاوای کوردستان ڕێگا نادەین هیچ هێزێک بێتە ناو خۆرئاوای کوردستان، یەک هێز هەیە، ئەویش هێزی پاراستنی گەل، هێزی پاراستنی ژن (یەپەژە)، هێزی سووریای دیموکراتە، یەک بڕیار لە لای ئێمە هەیە، ئەویش شەرعیەت بە خوێنی شەهیدەکانی خۆیان بدەن، شەرعیەت بە ڕزگار بوون بدەن.

بابەتی ئەنجوومەنی سووریا دیموکرات بابەتی ڕێگەپێدراوی گشتییە بۆ هەموو سووریا نەک تەنها بۆ کوردی خۆرئاوا. ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات چەترێکی گشتییە بۆ هەموو پێکهاتەکانی سووریا لە سەر ئاستی نیشتیمانیی سووریا هەموویان، نەک تەنها بۆ خۆرئاوای کوردستان. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە، ئەگەر ئێستا بە (ئەنەکەسە) بڵێت بڕیاری خۆت بدە، ناتوانێت بڕیارێکی سیاسیی خۆی بدات.

*** بۆچی (ئەنەکەسە) ناتوانێت بڕیارێکی سیاسیی خۆی بدات؟ ئایا لە دەرەوەی خۆی بڕیار دەدات؟**

**هۆشەنگ دەروێش:** ناتوانێت بڕیارێک بدات لە دەرەوەی بڕیاری هاوپەیمانیی نیشتیمانی، ئەمە شاراوە نییە هەموو دەزانن (ئەنەکەسە) لە ژێر بڕیاری پارتی دیموکراتی کوردستاندایە.

***بۆچی ناکرێت لە خۆرئاوای کوردستان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو پێك بهێنرێت لە بەرانبەر ئەو مەترسییانەی لەئارادان، وەك چۆن لە سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور هەن، وەك ئەوەی باست کرد لە باکووریش هەیە، یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گشتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێك بهێنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی لە کوردستانی باشوور و ناوچەکانی تر هەیە؟**

**مەحمود محەمەد (ئەبوسابیر):** ئێمە وەک پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سووریا، وەک هاوپەیمانیی نیشتیمانی کورد لە سووریا، لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا کار و خەباتمان کردوە و دەستپێشخەریمان کردوە لە نێوان بەرێوەبەرایەتیی دیموکراتی (ئەنەکەسە) بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی هاوبەشمان هەبێت، بە ڕاستی جاری یەکەمە هەڵبژاردن کراوە، هیچ کەسێکی (ئەنەکەسە) بەشدار نەبوو، ئێمە دەڵێین پێویستە ئێستا بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد نەک بەرژەوەندیی حیزبایەتی، لەبەر ئەمانە ئامانجەکەمان لە دەست داوە، ئەمە بابەتێکە بۆ بە دەستهێنانی ئامانج بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکانی کورد. پێویستە ئێمە هەموو بە یەکەوە کار بکەین. دەبێت ئێمە سوور بین لە سەر داخوازییەکانی خۆمان ئەمەریکا دەڵێت 26 ساڵ دەسەڵاتداری کوردستان ناکۆکی لە نێوان هێزەکان هەبوو، بۆیە بینیمان چۆن ئەو دەستکەوتانەی لە دەست دا.

*** بەڕێز ئیبراهیم برۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد (ئەنەکەسە) تێڕوانینی ئێوە چییە لە سەر ئەو بارودۆخانەی بە سەر باشووری کوردستان هاتوە، چۆن نیگەرانیی خۆتان دەردەبڕن، هەوڵەکانی ئێوە چییە لەو بارەیەوە بۆ ئەوەی باشووری کوردستان لەو کێشە و قەیرانە تێی کەوتوە دەربازی ببێت، ئێوە تا چەند هاوکار بوون، تێڕوانینی ئێوە چییە؟ سەبارەت بە هەڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەو گلەییانەی لە سەریانە چ لە ناوخۆ یەکگرتوو نەبوون چ گوێیان لە دۆستەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا نەگرتوە، ئەو پیلانگێڕییەی ئێران، تورکیا بارودۆخی ناوچەکەیان لە بەرچاو نەگرتوە؟**

**ئیبراهیم برۆ:** ئەو ڕەوشەی لە باشووری کوردستان ڕووی دا، ڕەوشێکی زۆر قورس بوو، ئێمە دەمانزانی ئەو بارودۆخانە بە هۆی ڕیفراندۆمەوە بوە، ئێمە دەزانین هەموو ئەو پارتە سیاسییانەی لە هەرێمی کوردستان هەن پەلەیان کرد لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەندێک دەوڵەت ڕایانگەیاند، کە ئەو ڕیفراندۆمە قبوڵ ناکرێت. ڕیفراندۆم مافێکی ڕەوای گەلی کورد بوو، دەنگدان بوو لە سەر دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، هەتا ئێستا دەوڵەتی کوردی دروست نەبوو، بەڵام مخابن! واتە هەم فشاری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، هەم ناکۆکیی ناوخۆیی بە تایبەتی دوای ڕیفراندۆم، نایەکڕیزییەک دروست ببوون بە تایبەتی شکستی کەرکووک دروست بوو. ئەو ڕێکەوتنە بۆ شکاندنی میللەتی کورد و هەیبەت و شکۆی پێشمەرگە بوو، بۆیە دووبارە ڕێکخستنەوە و یەکڕیزیی ماڵی کورد گرینگە، زۆر کەسێک دەڵێت «ڕیفراندۆم هۆکارێک بوە، بۆ دروستبوونی ئەو بارودۆخە بە سەر میللەتی کورددا هاتوە»، بەڵام بە بڕوای ئێمە وڵاتانی دراوسێی کورد، ئەگەر ئێستایش نەبوایە، 10 ساڵی تریش بوایە، هەر یەک لە وڵاتەکانی تورکیا، عێراق و ئێران ڕێگەیان نەدەدا هیچ کام لە پارچەکانی کوردستان ببێتە دەوڵەت، ئێمە وەک ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد، ئەگەر باوەڕمان بە میللەتی خۆمان و پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، ئەو ئاستەنگانەی کە هاتوونەتە پێش کۆتاییان دێت، ئەو کات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش پشتگیریمان دەکات، بۆمان دەسەلمێنێت کە مافی کوردە، یان نا، کورد بە تەنهایە یان نا، ئەو کاتە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی نەیدەویست هاوکاریی کورد بکات. ئەمەیش سیاسەتی ئەمەریکایە لە داهاتوویشدا لە دژی ئێران، هەمان پلان بە کار دەهێنێت.

شەڕ لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی نەهاتبوو، هەمان شەڕ بوە بۆ دەستپێکردنی شەڕێکی تایفی، دەیانویست زۆرێک لە پێکهاتەکان بکەونە ئەو شەڕەوە. کوردیش لە داهاتوودا دەتوانێت ڕۆڵێکی وەهای هەبێت، کە نەک تەنها لە باشووری کوردستان، بەڵکوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەستکەوتی هەبێت.

*** بەڕێزت و برادەرانی تریش ئاماژەتان بەوە کرد، پێویستە یەکگرتوویی لە نێوان هێزە کوردییەکان هەبێت، بەڵام ئێوە هەم خودی خۆتان، هەم هێزەکانی خۆرئاوا وەك (ئەنەکەس، پەیەدە، سووریای دیموکرات، یەپەگە و یەپەژە) یەکگرتوو نین، بۆچی ئەزموون لە باشووری کوردستان وەرناگرن، کە یەکگرتوو بن و هێزەکانات یەك بخەن، لە کاتێکدا سیاسەتی هەر هێزێکتان بە شێوەیەکە، پێتان وانییە خۆتان تاوانبارن و ناتوانن یەکگرتوو بن، کە ڕەنگە ئەو پاشەکشەیەی ئێستا بە سەر باشووری کوردستان هاتوە، لە داهاتوویشدا بەسەر خۆرئاوادا بێت؟**

**ئیبراهیم برۆ:** ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە پێش ئەوەی ساڵی 2011 دروست بێت، لە دەستپێکی بەهاری عەرەبی، ئێمە تەڤگەری سیاسیی کورد ئاواتمانە یەکڕیزی دروست بکەین لەگەڵ پەیەدە و هەموو لایەنەکانی تریشدا، پەیەدە ئەنجوومەنی گەلی خۆرئاوای کوردستانی دروست کرد، ئێمەیش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردمان دروست کرد، لەو کاتەوە هەتا ئێستا 3 ڕێکەوتن لە نێوان ئێمە و پەیەدە هەبوو، بەڵام هەتا ئەمڕۆ پەیەدە ئامادە نەبوو، یەک خاڵی ئەو ڕێکەوتنە جێبەجێ بکات، نامەوێت بە دووردرێژی باسی ئەو مێژوە بکەم، هەتا ئەمڕۆ پەیەدە هەمان سیاسەتی پەکەکە جێبەجێ دەکات و قبوڵ ناکات یەک هاوبەشی هەبێت، لە هیچ کام لە پارچەکانی کوردستان، دەیەوێت تەنها یەک ڕەنگ و سیاسەت و سەرۆک لە کوردستانی سووریا هەبێت، لە کاتێکدا گەلی کورد چەندین ساڵە دژی ڕژێمی بەعس خەبات دەکات، بەڵام ئێستا لە زیندانەکانی پەیەدەدان و دەکوژرێن و سزا دەدرێن.

خودی خۆم کە ماوەی ساڵونیوێکە، وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد، لە تورکیا کاری سیاسی خۆم دەکەم، لەبەر ئەوەی پەیەدە ڕێگە نادات لە سووریا کار بکەین، هەڕەشەمان لێ دەکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا پەیەدە بانگەشەی یەکڕیزی دەکات، لە کاتێکدا سەرکردەکانمان لە زیندانی ئەواندان و بارەگاکانمان دەسووتێنێت و کوشتن و بڕین دەکات، بەم شێوەیە ناتوانین یەکڕیزی دروست بکەن، پێویستە هەر دوو لامان کار و پڕۆژەی هاوبەشمان هەبێت، بۆ دروستبوونی یەکڕیزی.

*** بەڵام هێزەکانی ئەنجوومەنی گەلی خۆرئاوای پێشوو، کانتۆنەکان و هێزەکانی پەیەدەیش، گلەیی ئەوە لە ئێوە دەکەن، کە سیاسەتی دەرەوەی سنورەکان جێبەجێ دەکەن، کە هەمان سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە، ناتانەوێت بەشدار بن، لە کاتێکدا پەیەدە سەرکەوتنی خۆی دەگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی کە ڕێگەیان داوە دوو هێز و دوو لایەنی جیاواز هەبێت، بەڵام ئەوان لە کار و چالاکی سیاسیدا بەشدار دەبن، ئایا ئەو ڕەخنانە دروستە، کە بەرانبەر ئێوە دەگوترێت، پێتان وانییە خۆرئاوای کوردستانیش وەك باشووری کوردستان ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، ئەگەری پاشەکشەی هەیە؟**

**ئیبراهیم برۆ:** ساڵی 2014 – 2015 ئێمە و پەیەدە بە هاوکاریی هێزی نێودەوڵەتی دانوستانمان کرد، بەڵام ئێمە وەک (ئەنەکەسە) پرۆژەیەکمان پێشکەش نەکرد، کە دووبەرەکی دروست بکات، بەڵکوو ویستمان ئەو دوو هێزە لە ژێر یەک ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و سیاسی، کارێکی هاوبەشمان هەبێت، کە تەنها بۆ یەک هێزی سیاسیی خۆرئاوا نەبێت، بەڵکوو بۆ سەرجەم هێزەکانی خۆرئاوا تێیدا کۆ ببێتەوە، لە هەمان کاتدا نەمانویستوە زیاتر لە یەک هێزی سەربازی هەبێت. لە لایەنی سیاسییشدا لە ساڵی 2014 ـوە هەتا ئێستا لە سەرجەم کۆنگرەی نێودەوڵەتیی جنێڤدا بەشداریمان کردوە، لە ماوەیەکی نزیکدا کە کۆنگرەی 8ـی جنێڤ دەبەسترێت، کە لە بەرژەوەندیی پەیەدە دەبێت و بەشداریی دەکات و زۆریش دڵخۆش دەبێت، لە کاتێکدا بەشداریکردنی ئێمە لە کۆنگرەکانی یەک تا حەوت بە خیانەت دەزانێت، واتا ئەو سیاسەتەی پەیەدە پەیڕەوی دەکات، تەنها لە بەرژەوەندیی

**کەوتنی کەرکووک بە بڕوای من کارەساتێک بوو نەک بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکوو بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، کەرکووک سیمبولێکە جێگای ناکۆکییە**

خۆیدایە، دەیەوێت میللەتەکەی لە بەرانبەر سیاسەتەکانی بێدەنگ بێت.

*** پێت وایە چارەسەر چییە بۆ قەیرانەکانی خۆرئاوا و دووبارە نەبوونەوەی ئەو قەیرانانەی لە باشوور هەیە، پێتان وایە مەترسییەکی وەها لە سەر خۆرئاوا هەیە؟**

**ئیبراهیم برۆ:** بێگومان پێمان وایە ئەمەریکا هاوکاریی لۆجستیکی هێزی یەپەگە دەکات، هێشتا ڕەقە و دێرەزوور لە دەستی داعش ڕزگار نەبوون، کۆنگرەی عەشایری عەرەبی لە میسر و تورکیا بەسترا کە چۆن دوای داعش، خۆیان لە کورد ڕزگار بکەن، ئاشکرایە ناکۆکی لە نێوان کورد و عەرەبدا دروست دەبێت بە هۆی سیاسەتی پەیەدەوە، ئێمە دەمانویست شەڕی دژی داعش و تیرۆری بکردایە، نەک لە دووریی 300 کم لە سنوری خۆی شەڕ بکات.

پێویستە ڕێگەچارەیەک دروست ببێت، کە پەیەدە لە ڕەقە بوەستێت و بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا گەلێک دەرفەتی گرینگ هەیە، بۆ نموونە ڕووسیا دەیەوێت چاکسازی لە سووریا ڕوو بدات، لە هەمان کاتدا ئەمەریکا دەیەوێت ڕۆڵی کۆنگرەی جنێڤ چالاک ببێت، یان ڕووسیا

دەیەوێت کۆنگرەی سووری دروست ببێت، ئەمەیش هۆکاری دروستبوونی شەڕە لە سووریا، بۆیە ئەگەر کورد یەکگرتوو نەبێت، هیچ دەستکەوتێکی نابێت، پەیەدەیش دوای پێنج بۆ شەش ساڵ لەگەڵ ڕژێم کاری دەکرد، نەیتوانی هیچ دەسکەوتێک بۆ میللەتی خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەگەر بتوانین ڕێکەوتنێکی نوێ، یەکڕیزیی کورد دروست ببێت لەگەڵ ئەوەی ناتوانم بڵێم هەموو مافی کورد دەستەبەر دەبێت، بەڵام ڕۆڵی کورد دیار دەبێت لە پاشەڕۆژی سووریادا.

*** هەمیشە باسی یەکگرتوویی دەکەین، بەڵام وەك گوێت لێ بوو، ئیبراهیم برۆ دەڵێت 3 ڕێکەوتنمان هەیە لەگەڵ پەیەدە، بەڵام یەك خاڵیان جێبەجێ نەکردوە، تا ئەمڕۆیش لە لایەن پەیەدەوە سیاسەتی پەکەکە بەڕێوە دەبەن، یەك هاوبەش قبوڵ ناکەن، نەك لە خۆرئاوا، بەڵکوو لە پارچەکانی تریش، خۆیان دەیانەوێت تەنها حاکم بێت، دەڵێت ئەو خەڵکانە لە لای ئێمە لە ڕۆژانی ڕابرد و خەبات و تێکۆشانیان کردوە، لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد ئێستا لە زیندانەکانی (پەیەدە)دان، بەم حاڵەوە، کە پەیەدە دەیکات لە خۆرئاوای کوردستان چۆن دەکرێت ئێمە باسی یەکگرتوویی بکەین بۆچی ئێوە دەرس لەو شکستانەی ڕووی داوە لە هەرێمی کوردستان وەرناگرن، یەکگرتوو نابن ڕێگا نادەن بە هێزەکان (ئەنەکەسە) (ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد سووریا) بە شداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن، هێزە عەسکەرییەکانیان هێزی وەك ڕۆژ بگەڕێتەوە خۆرئاوای کوردستان؟**

**د. جاویدان حەسەن:** ئەو بارودۆخەی لە باشووری کوردستان ڕووی دا، کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، نەک تەنها لە سەر کوردی باشوور، بەڵکوو لە سەر کوردی پارچەکانی تریش، ئێمە هەمیشە گوتوومانە چارەسەری لە پارچەکانی کوردستان پەیوەستە بە یەکەوە، یەک چارەنووسمان هەیە، هەمیشە داوامان کردوە، ئێمە یەکگرتوو بین، کۆنگرەیەکی نەتەوەییی کوردستانی لە زووترین کاتدا دابمەزرێت، بۆ ئەوەی ستراتیژییەکی ڕوون و ڕەوانمان هەبێت، بۆ ئەوەی لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەر بڕیارێک بدرێت هەموو پارچەکانی تریش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی کە هەنگاوێک ئەگەر لە پارچەیەک بنرێت نەبێتە زەرەر بۆ پارچەکانی تر، بۆیە سەرکەوتنی پارچەیەک سەرکەوتنی هەموو پارچەکانە، ژێرکەوتنی پارچەیەک، ژێرکەوتنی هەموو پارچەکانە، کارەساتێکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە، دەبوایە بە وردی سەیری بارودۆخەکەمان بکردایە، یەک ستراتیژی هاوبەشمان هەبێت.

دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی، من نوێنەری حکوومەتی خۆرئاوای کوردستانم، من تەمسیلی بۆچوونی حکوومەتی خۆرئاوا دەکەم، من تەمسیلی بۆچوونی (پەیەدە) ناکەم، تەمسیلی بۆچوونی (ئەنەکەسە) ناکەم، تەمسیلی بۆچوونی خەڵکی خۆرئاوای کوردستان دەکەم، کە حکوومەتێکی خۆی هەڵبژاردوە، سیستمێکی بۆ خۆی دامەزراندوە، هەموو کات ئەنجوومەنی یاسایی هەیە، کانتۆنمان هەیە بڕیار دەدرێت، دەنگدانی لە سەر دەکرێت، با کەسێک بێت و بڵێت زیندانی پەیەدە لەوێدایە، یان پەیەدە هێرش دەکاتە سەرمان، یان ڕێکەوتنمان کردوە لەگەڵ (پەیەدە). ئەمە تا ڕادەیەک تێپەڕاندنی بۆچوونی خەڵکی خۆرئاوای کوردستانە، تا ڕادەیەکیش نا ڕاستە. ئێمە دەڵێین حکوومەتێک لە خۆرئاوای کوردستان هەیە، زیندانێک هەبێت زیندانی ئاساییشی خۆرئاوای کوردستانە، نەک زیندانی پەیەدە، ئەوەیش کە دەستبەسەر دەکرێت دژی یاسا بوە، بۆیە لێپرسینەوەی لەگەڵیدا دەکرێت، ئەگەر هاتوو تاوانبار بوو یاسا حوکمی لە سەر دەدات. بێگومان لە خۆرئاوای کوردستان ئەزموونێکی تازەمان هەیە، دەکرێت هەندێک هەڵەیش ڕوو بدات، ئەگەر لە کەمئەزموونی بێت یان هۆکاری وەک هێزی ئیقلیمیی وەک تورکیا، ئێران، دەستتێوەردان دەکەن لە کاروباری حکوومەتی خۆرئاوای کوردستان و کێشەی بۆ دروست دەکەن، بە تایبەتی ئەگەر حکوومەتەکە تازە بێت و هەنگاویش بنرێت بۆ ئاوەدانی خۆرئاوای کوردستان و بە فیدراڵیکردنی سووریا بە گشتی، لە ژێر فشاری ئەو هەموو هێزانە، ناچار دەبێت هەندێک هەنگاو بنرێت بۆ خۆپاراستن یاخود هەندێک هەنگاو دەنرێت بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوە بڕۆین و خاکی خۆت بپارێزیت، یاخود باری نائاسایی ڕادەگەیەنین بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک تاوانبار بوو لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەیش بەو مانایە نییە لە خۆرئاوا مافی مرۆڤ پێشێل بکرێت. داواکارم لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی خۆرئاوای کوردستان، یەکڕیز بن و دوور بن لەوەی یەکتر تاوانبار بکەن، پێویستە پشتگیریی ئەم

هەوڵە تازەیە لە خۆرئاوای کوردستان بکەین. ئێمە دەڵێین ئەزموونێک، پڕۆژەیەکمان هەیە لە خۆرئاوای کوردستان نەک تەنها بۆ خۆرئاوای کوردستان، بەڵکوو بۆ سووریا بە گشتی و لە دەرەوەی سووریایش، ئەگەر هاتوو ئەم ئەزموونە جێبەجێ بکرێت، پرەنسیپە جوانەکانی ڕەنگە چارەسەرێک بێت بۆ هەموو کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

***تۆ باسی مافی مرۆڤ دەکەیت، بەڵام بۆچی دەبێت ئۆفیسی (ئەنەکەسە) و هێزە سیاسییەکانی تر بسووتێنن، حکوومەتی خۆرئاوا دەبێت نوێنەرایەتوی هەموو خەڵك بکات؟ بۆچی ناهێڵن هێزە سیاسییەکان بەشدار بن لە حکوومەت و پرۆسەی سیاسییدا هەرەشەی کوشتنیان لێ دەکەن، بۆ نموونە کاتێك ئەنەکەسە بەشداریی کۆنگرەکانی جنێڤ 1,2,3 کرد ئێوە پێیان دەڵێن خایانەتیان کردوە، بەشداریی کارێکی دەرەکی دەکەن؟ ئەوە لە کوێی ئەو هاوپەیمانییەدایە کە دەتانەوێت، حکوومەتی خۆرئاوا یان کانتۆنەکانی خۆرئاوا فیدراڵیەت بۆ خۆرئاوا دەستەبەر بکەن، بۆچی ئێوە شەڕی داعش لە سنورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا دەکەن؟ ئەوان پێیان وایە ئێوە شەڕی حکوومەتی (بەشار ئەسەد) بە وەکالەت دەکەن، واتە شەڕی نەوت دەکەن بۆ دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکان؟**

**د. جاویدان حەسەن**: دەمەوێت بڵێم ئەوەی ئۆفیسێکی نایاسایی بکاتەوە لە خۆرئاوای کوردستان، ئامادە نەبێت بە یاسایی بیکاتەوە، کەواتە ئەوە مافی ئاساییشە بە چاوێکی گومانەوی سەیری بکات، لێکۆڵینەوەی لە سەر بکات، بۆ نموونە لە هەموو وڵاتانی جیهان داوای کردنەوەی مەکتەبێک بکەیت، لێپرسینەوەیەکی ئاساییشی دەکرێت، سەیری پڕۆژەکە دەکرێت، کە ئایا گونجاوە لەگەڵ ئاساییش و ئارامیی وڵاتەکەدا، ئەگەر ئامادە نەبێت بە یاسایی ئۆفیسێک بکەیتەوە دەبێت یەکەم جار بە چاوی تاوانبار سەیری خۆت بکەیت ئەوە خاڵی یەکەم بوو. خاڵی دووەم ناڵێین ئاساییش بچێت ئۆفیس بسووتێنێت، بەڵام هەندێک بارودۆخ هەیە دەمەوێت ئەوە بڵێم ڕەوشێک لە خۆرئاوای کوردستان هەیە، ڕەوشێک هەیە کە ڕۆژانە بە دەیان شەهیدمان هەیە، لەپێناو پاراستنی خاکی خۆرئاوای کوردستان، کەسێک زۆر بە سادەیی بڵێت ئەمانە شەهید نین، بەڵکوو سەر بە ڕژێمی ئەسەدە، ئەمانە لایەنی سۆزداریی خەڵکە و قبوڵ ناکرێت، بۆیە ئێمە هەمیشە دەڵێین هیواداریین هەموو کەس خاوەنی قسەی خۆی بێت، هەوڵ بدات خاڵە ناکۆکییەکان چارەسەر بکات، تەنەناتە لە قسەکردنی خۆیدا، لایەنە یاساییەکان بپارێزن، ئەو کاتە بۆت هەیە داوایەک بەرز بکەیتەوە کە هێرشێک لە سەر تۆ کراوە. منیش پرسیارەکەم ئەوەیە بۆچی ئەنەکەسە بە شێوەیەکی یاسایی نایەت ئۆفیسەکانی بکاتەوە و تۆماری بکات لە لای حکوومەتی خۆرئاوای کوردستان نەک تەنها (ئەنەکەسە)، چەند حیزبێکی تریش بێت ئەگەر حیزبێک بکەنەوە و داوای مۆڵەت نەکەن، ئاساییش بۆی هەیە ئۆفیسی ئەوانیش داخات. داعش مەترسییە لە سەر هەموو مرۆڤایەتی و دونیا و جیهان، ئێمەیش بەشێکین لەم مرۆڤایەتییە، سەرەتا هەموو خەباتمان بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە، ئەگەر ئێمەیش هەر لە سەر سنوری خۆمان بوەستاینایە، ئەو کاتە داعش لە هەموو کاتێکدا دەیویست، هێرش بکاتە سەر قامیشلۆ، حەسەکە، کۆبانێ، عەفرین. بینیمان لە باشووری کوردستان، کە داعش لە سەر سنوری شەنگال، کەرکووک بوو ئەوە نەبوە هۆی ئەوەی کە داعش هێرش نەکاتە سەر شەنگال و ئەو کارەساتە بە سەر شەنگال دا نەهێنێت، ئەوە خوێندنەوەیەکە هەڵەیە ئایا بۆچی ئێمە لە خۆرئاوای کوردستان شەڕی داعش دەکەین. ئێمە کە شەڕ دەکەین گوتومانە ستراتیژییەکمان هەیە، بۆ پاراستنی خاکی خۆرئاوا و فیدراڵیی باکووری سووریا، ئێمە لە ژێر فشاری هیچ لایەنێک ئەو شەڕە ناکەین، دوێنێ بەرپرسانی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ناوچەی (بو کەمال) دەڵێن، ئێمە ئازادکردنی ئەو ناوچەیە ئامانجمانە ئەگەر هێزی سووریای دیموکرات لەگەڵماندا بێت، ئێمە بڕیاری خۆمان دەدەین. ئێمە شەڕی کەس بە وەکالەت ناکەین، ئەمە یەکەم جارە کورد بە ستراتیژێکی زۆر ڕوون، شەڕێک دەکات لە بەرژەوەندیی مافی گەلی کورد و گەلانی تریش، کە لە سەر خاکی خۆرئاوای کوردستان دا دەژین.

***بۆچی (ئەنەکەسە) ئۆفیسەکانی بە شێوەیەکی ڕەسمیی تۆمار ناکات، بە بۆچوونی تۆ هۆکارەکەی دەگەڕێنیتەوە بۆچی؟ ئایا هۆکارەکەی دەرەکییە؟**

**د. جاویدان حەسەن**: ئەنەکەسە تا ئێستا دەڵێت: ئێمە دان نانێین بە حکوومەت و ئەم ئەزموونەی، کە لە خۆرئاوای

کوردستان دا دروست بوە، ئێمە داخوازیمان ئەوەیە، یەکەم ئێوە وەرن ئۆفیسەکان خۆتان تۆمار بکەن، با بە شێوازێکی یاسایی ڕەفتار بکەن، ئینجا وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان نیشان بدەن، کاتێک ئەنەکەسە ڕەخنەی هەیە لە سیستمی ئێمە، وەرە بە شێوەیەکی دیموکراسیی بەشدار بە چ لە هەڵبژاردن چ لە چالاکی سیاسیی مەدەنیدا، بەڵام لە چوارچێوەی یاسادا.

*** تۆ وەك نوێنەری (پەیەدە)، بەرپرسن لەوەی ناتانەوێت ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا، لە خۆرئاوا ئۆفیسیی هەبێت، یەکگرتوو بن، بۆ ئەوەی خۆتان دەرباز بکەن لەو مەترسییانەی کە لە داهاتوودا هەتانە، وەك ئیبراهیم برۆ، دەڵێت ئەو مەترسیانەی کە ئێستا لە باشوور هەیە لە خۆرئاوایش ئەگەری هەیە، ئەوەیشی گوت کە ئێوە دەتانەوێت یەك عەسکەر یەك سیاسەت یەك گوتار هەبێت لە دەرەوەی ئەوە کەس قبوڵ ناکەن، بەم تاکڕەوییەی کە ئێوە بەرهەمتان هێناوە، وەك ئیبراهیم برۆ دەڵێت: بۆچی خۆرئاوای کوردستان ڕووبەڕووی مەترسیی دەکەنەوە؟**

**سلێمان عەرەب:** من هیوادار بووم کاک ئیبراهیم هەندێک باسی کارەکانی خۆی و هێزی دوژمنی کورد و هێرشی تورکیا بکات نەک باسی پارتێکی تایبەت بکات. مەخابن! هەموو کات لە دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی خۆرئاوا (ئەنەکەسە) تا ئێستا، دوژمنایەتیی (پەیەدە) دەکەن، من هیوادارم (ئەنەکەسە) بۆچوونی خۆیان بگۆڕن لە سەر تاوانبارکردنی (پەیەدە) وەک هێزی سەربازی، دەسەڵاتداری، بەڕێوەبەرایەتی و سەرۆکایەتی، من سەرەتا گوتم ئەگەر بەراوردی باشووری کوردستان بکەین، بە پێچەوانەوە، ئەو کارەی لە خۆرئاوای کوردستان ئێمە کردمان پڕۆژەی ئێمە بوو، ئەو ئەزموونەی لە خۆرئاوای کوردستان هەیە، ناهێڵێت ئەو ئەزموونەی لە باشوور ڕووی دا، لە خۆرئاوا دووبارە ببێتەوە، ئەگەر ئێمە سەیری ئەزموونی باشووری کوردستان بکەین، پێشمەرگە ناوی ڕۆژە، چۆن ئاوەدان کراوەتەوە، بۆ ئەوەی دوو هێزی لەشکری لە خۆرئاوای کوردستان دروست ببێت لە خۆرئاوای کوردستانیش هەمیشە ناکۆکی و تاوانباری و نابەرپرسیاری لە بەرانبەر پاراستی گەل هەیە، مەخابن ئەو بۆچوونە لەوێ سەری هەڵدا و ناڕاستە، لەبەر ئەوە ئێمە وەک خۆرئاوای کوردستان، بە تایبەت وەک (پەیەدە) بە یەک هێزی کوردی نیشتیمانی، هەموو گەل و هەموو جڤات دەپارێزین، ئێمە وەک پەیەدە ڕێگا نادەین دوو هێزی لەشکری دروست ببێت، ڕێگا نادەین دوو ئاسایش دوو بەڕێوەبەرایەتی دروست ببێت. لەبەر ئەوە ئەگەر لە خۆرئاوای کوردستان وەک ئەزموونی باشووری کوردستان بکەن، ئەوە بە ئاشکرا باسی بکەن. بۆچی هێرش لە سەر پارتی ئێمە هەیە، هەموو کات ئەو هێزە بە پارتەکەی ئێمەوە گرێ دراوە، ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە هێزێکی لەشکرین، یان ئاسایش، بە پێچەوانەوە ڕێگایەک بکەنەوە، دەڵێن ئاساییشی پەیەدە هەیە، دەڵێن دەبێت ئاساییشی ئەنەکەسە هەبێت، لە کاتێکدا پێمان دەڵێن ئێوە هاوکاریی ڕژێم دەکەن، بەڵام دەیانەوێت خۆیان بکەنە بەشدار، مەخابن! ئەو سیاسەتەی کورد لە خۆرئاوای کوردستان، لە سیاسەتی دوو لایەنی هیچ سوودێکی نییە. ئەگەر ئەزموونی پەیەدە یان ئەزموونی خۆرئاوای کوردستان بە ڕاستی نازانن، بفەرموون، ئەگەر ئەوان داوای یەکێتی دەکەن، نەک لە سەر دەستکەوتی خۆرئاوا، ئەگەر هەموو برادەران قسە لە سەر یەکێتی و یەکڕیزیی کورد بۆ دروستبوونی کۆنگرەی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردستان، ستراتیژییەکی سیاسیی کوردی لەشکری پاراستنی کوردی دەکەن بیکەن، نەک لە سەر دەستکەوتەکانی خۆرئاوای کوردستان، کێ ئەو دەستکەوتەی بە دەست هێناوە نەک سیاسەتی (ئەنەکەسە) بە تایبەتی ئەگەر بڵێین ئێمە پێشەنگین نەک تەنها پەیەدە لە خۆرئاوا سیاسەتی خۆی دەست کەوتوە، بەڵکوو ئێمە وەکو پارتێکی پێشەنگ خاوەنی بیر و بۆچوونێکین لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەو دەستکەوتەی بە دەست هاتوە هیی میللەتی کوردە، ئەنجامی سیاسەتی کوردە، ئەنجامی هەموو پارتەکانی خۆرئاوایە، 22 پارت ئێستا لە خۆرئاوای کوردستان هەیە هەموو یەک هەڵوێستن، لە شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان ئاوەدان کراوەتەوە، (یەپەگە) (یەپەژە) ئاساییشی خۆرئاوای کوردستان ئەمڕۆ فیدراڵی دیموکراتی کوردی سووری، ئەمڕۆ چارەسەر لە دەستی کوردە، پاشەڕۆژی سووریا بێ کورد چارەسەر ناکرێت، ئەردۆگان هەموو کات ناوی کورد و پەیەدەی لە سەر دەمە، سووریای نوێ بێ کورد بەرەو پێشەوە ناچێت، چارەسەری ئەمانە فیدراڵەی دیموکراتییە بۆ کوردی سووریا.

*** د. سلێمان دەڵێت: ئەو دەستکەوتەنای لە خۆرئاوا دروست بوون، پەیەدە کردوویەتی،**

**لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەخنە هەیە بۆ نموونە لە ڕابردوودا بینیمان پارتی دیموکراتی کوردستان سنورەکانی داخست، کێشەی زۆری هەیە لەگەڵ پەیەدە، بۆچی خۆرئاوا و هێزەکانی، کانتۆنەکانی خۆرئاوا، فیدراڵیەتی خۆرئاوا، هێزەکانی یەپەگە، یەپەژە، سووریای دیموکرات، بۆچی ناتوانن یەکێك لەو لایەنانە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێك بکەون، بۆ نموونە باوەڕ بە پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیەدە بکەن، کە ڕۆڵیان هەبێت لە خۆرئاوای کوردستان، بۆ ئەوەی تووشی کێشە و لە یەك جیابوونەوە نەبنەوە؟**

**هۆشەنگ دەرویش**: کاک ئیبراهیم باسی کەرکووکی کرد، لە سەر بابەتی کەرکووک، بۆچوونێک لەناو یەکێتیی نیشتمانی هەبوو، 38 ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو 3 خاڵەی دایان نابوو بە ئاگاداری هێزی ئەمەریکا بووە، هێزی سەربازی نەچێتە ناو کەرکووکەوە، بابەتی پاشەکشێکردن، ڕێکەوتنێک هەبوو فەرماندەی هێزی 70، شێخ جەعفەر، کە وەستا ڕەسووڵ بەرپرسیاری میحوەرەکە بووە، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کرد، خۆمان پاشەکشەمان کرد لە سەر بڕیاری خۆمان بوو، چونکە ئەگەر وا نەبوایە، ئەگەری شەهیدبوونی 2000 پێشمەرگە هەبوو، ئەوە کارێکی سەربازی بوو، سەرکردە سەربازییەکان خۆیان باشتر دەیانزانی، لە سەر بابەتی ڕێکەوتن حەز دەکەم ڕوونی بکەمەوە بۆ خەڵک، بەشێک لە خەڵک دەڵێن ئەگەر ڕێکەوتن بێت، ڕێکەوتن بە دزی نابێت، کێ فەرماندەی هێزی چەکدارەکانە، بێگومان مەسعوود بارزانی، جێگری فەرماندەی چەکداری کۆسرەت ڕەسووڵە، واتە بڕیارە لە سەرکردەکانەوە وەرگیراوە بۆ پاشەکشەکردنی پێشمەرگە، بۆ بابەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاستییەک هەیە، هەر هەنگاوێک بۆ ڕاگەیاندنی یەکرێزیی کورد، بۆ دیپلۆماسییەتی کوردی بۆ ئەوەی یەک هێزی کوردستانی هەبێت، هەموو ئەو کۆبوونەوە و ئەو هەوڵانەی دراون لە پێناو ئەو یەکریزییە بەردەوام هێزێک هەبوو خۆی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا جیاواز بوو، ئەو هێزەیش دیارە هەموو کەس دەزانێت کێیە. من وەک خۆم زۆر کۆنگرە هەبوو بەشدار بووم تێیدا، ئەو هێزەی دەڵێت نایەم، بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستانە. خاڵێکی تری گرینگ

**ئەو کەسانەی پشتگیریی ڕیفراندۆمیان دەکرد، داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن، دەبێت بە خەڵک بڵێن ئەوە نسکۆیەک بوو، پاشان چۆن خۆمان بەهێز بکەین**

هەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت بەرژەوەندیی لە خۆرئاوای کوردستان دا هەبێت، ناتوانێت هەڵوێستێکی کوردستانی هەبێت، مخابن دەبێت قوربانی بدات لە پێناو تورکیا، ناتوانێت بەرژەوەندیی خۆی لەگەڵ تورکیا بکاتە قوربانی، کاتی خۆی لە خۆرئاوای کوردستاندا پرۆژەیەکمان هەبوو، خەندەق دروست دەبوو، دەرگاکانیان دادەخست، ئەندامێکی ئۆپۆزسیۆنی عەرەب لە ئەنجوومەنی سووری هەبوو دەیگووت مانای چییە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا لە سەر خاکی کوردستان لەناو هەولێر بڵێت خۆم هاتووم ڕێکەوتنم کردوە دژی تیرۆر، دژی پەکەکە دەوەستین و شەڕیان دەکەین، خۆم وەک سەرکردەیەکی کوردستانی لەو کاتەدا هەڵویستم نەبێت، زۆر بابەت هەیە ڕوونە پێویست ناکات قسەی زیاتری لە سەر بکرێت. سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونە پێوەندییان لەگەڵ تورکیا باشە پارێزگاری لە بەرژەوەندیی ئابووری، سیاسی، سەربازی، ئەمنیی خۆی دەکات، تورکیایش لە بەرانبەردا، ئەردۆگان بە ئاشکرا لە سەر ڕیفراندۆم گوێ خۆتان پاسەوانی خۆتان بکەن دەڵێت نەوتەکە لە دەستی خۆمدایە، مەبەستم لەم بابەتانە دەمەوێت شتێک بڵێم بەرانبەر ئەم تێکەڵییەی تورکیا لەگەڵ

پارتی دیموکراتی کوردستان ناتوانێت هەڵوێستێکی کوردستانی هەبێت ئازاد نییە، لە هەڵوێستی کوردستانیدا.

*** گفتوگۆیەك دروست بوو لە نێوان ئەو بەڕێزانەدا هەندێکیان پێیان وایە بە هۆی وابەستەییە بە سیاسەتەکانی لەگەڵ تورکیا، بەشداریی لەو گرفتانەدا هەیە کە بۆ خۆرئاوا دروست دەکرێت. (ئیبراهیم برۆ) دەڵێت سیاسەتی تاکڕەوانەی پەیەدە لە خۆرئاوا ناهێڵێت هێزەکان یەکگرتوو بن. ڕێگا نادات ئۆفیس بکەینەوە. ڕێگا نادات ئەو هێزانەی بەشداریی خەباتیان کردوە لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد ئێستا لە زیندانەکانی (پەیەدە)دان بەو هەموو گرفت و کێشەیەوە چۆن دەتوانرێت یەکگرتووی خۆرئاوا بپارێزرێت؟ چۆن دەکرێت ئەزموونێکی باش لەو شکستانەی لە باشوور رووی داوە وەربگرن؟**

**مەحمود محەمەد (ئەبوسابیر):** بە ڕاستی دیارە دەیانەوێت بارودۆخی بەشێکی تر بهێننە ناو ئەو میحوەرەوە، بە بڕوای من کاری ئێمە نییە لە خۆرئاوا لە کوردستانی باشوور چی ڕووی داوە، لەبەر ئەوەی عەرەب دەڵێت: ئەگەر ناکۆکی لە نێوان دوو لایەن هەبێت، پێویستە لە نێوان خۆیاندا چارەسەری بکەن، نابێت سەرکردەکانی سلێمانی و هەولێر یەکتری تۆمەتبار بکەن، ئەرکی ئێمە وەک ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە کوردستانی خۆرئاوا، دەمانەوێت یەکریزی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پاڵپشتیی یەکتر بکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی خۆیان، نەک بۆ زیاتر قوڵترکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان. بە بڕوای من ئەم دووبەرەکییە لە خزمەتی کورد دا نابێت، ئێمە وەک کورد دەمانەوێت کاریگەریمان هەبێت لە سەریان بۆ یەکریزی، دەبێت هەر یەکێک لە ئێمە بە ڕۆڵی خۆی هەستێت، ئەو بارودۆخەی لە کوردستانی باشوور ڕووی داوە، ئێمە وەک کوردی خۆرئاوا پەیوەندیمان بەو کێشانەوە نییە، دەڵێن دەبێت کورد یەکهەڵوێست، یەکریز بن، لە کوردستانی باشوور، هەموو کەس شیکردنەوە دەکات دەڵێت، دەبێت یەکهەڵوێستی دروست ببێت لە کوردستانی باشوور، بۆچی ئەو قسانە ناکەنە کردار، بۆچی ناتوانن ئەو 3 ڕێکەوتنەی ئێمە جێبەجێ بکەن، پەیەدە دەڵێت ئەنەکەسە جێبەجێی ناکات بە پێچەوانەوە. من دەڵێم هەر دوو لایەن بەرپرسیارن، هەر دووکیان ئیرادەیان نەبوو ڕێک بکەون، نە پەیەدە بە تەنها بەرپرسیاری جێبەجێنەکردنی ئەو ڕێکەوتنەیە، بە پێچەوانەوە هەر دوو لایەن بەرپرسیارن، هەر دوو لایەن نایانەوێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن، ئێمە دەمانەوێت یەکریزیی خۆمان جێبەجێ بکەین، نەک تەنها لە سەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان.

***پێت وایە ئەو قسەیەی مەحموود محەمەد (ئەبوسابیر) زۆر دروستە دەڵێت: کاتژمێرێك باسی یەکگرتوویی دەکەین، کەچی ئێوە هەر یەکەتان تۆمەتێك دەداتە پاڵ ئەوی تر، دەڵێت هەر دووکتان بەرپرسیارن (ئەنەکەسە) و (پەیەدە) کە یەکگرتوو نین ئەو بارودۆخەی بە سەر خۆرئاوا هاتوە. تۆ ئەم ڕەخنەیەت قبووڵە یان پێت وایە بەرپرسیارییەتێکە لە ئەستۆی پەیەدە دایە؟**

**ئیبراهیم برۆ:** بێگومان (پەیەدە) بەرپرسیارە لەبەر ئەوەی شەرعیەت و ناشەرعیەت و ڕەوابوون نارەوایی ئیدارە، حکوومەت، هێزی پەیەدە لە سەرەتادا هێزی سەربازی لە سووریا نەبوو، نە هێزی (پەیەدە) و (ئەنەکەسە)، ئێمە دەزانین ئێران و ڕژێمی سووریا، تورکیا ڕێگایان دا سەدان گەریلای پەکەکە بچنە کوردستانی سووریاوە، هەندێک ڕێکەوتن لە نێوان پەیەدە و ڕژێمی سووریا هەبوو هێزێکی عەسکەری دروست ببێت. لەو کاتەدا هەندێک پارتی کوردی هێزی عەسکەری دروست کردبوو، بینمان خەتەرێک لە سەر ناوچەی کوردی هەبوو، ڕێکەوتن لە نێوان ئێمەدا دروست بوو کە ڕژێم لە هەندێک ناوچە هێزەکانی خۆی بکێشێتەوە، ئەو کاتەی ڕێکەوتن لە نێوان ئێمەدا دروست بوو خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا دروست بوو، هێزێکی سەربازی هەبوو ڕژێمی سووریا نەیدەهێڵا بێت، هێزی سەربازی خەڵکی ناچار دەکرد بە کوشتن و گرتن، هاتن لە سەر بابەتی سیاسی و ئیداری بە وەکالەت لە ناوچەی کوردیدا حکومیان دەکرد، ئەمە ئەمری واقیع نەبوو، ئەوان لەگەڵ ڕژێم هەندێک پیلانیان کرد لە دژی تەڤگەری سیاسیی کوردی.

***بەڕێز هۆشەنگ دەڵێت، ئەنەکەسە ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبات، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشوورەوە پیادەی دەکات، یان ئەجێندای ئەوە جێبەجێی دەکات، بۆ نموونە پارتی خەندەق لێ دەدات بەرانبەر خۆرئاوا، سنور**

**دەداخات، تاوانباریان دەکات بەوەی لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد کار دەکەن، سیاسەتی پەکەکە بەڕێوە دەبەن، باسی ئەوە دەکات کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە هاتنیان بۆ هەولێر ڕایان گەیاندوە، کە پەکەکە و پەیەدە تیرۆریستن، ئێوە گوایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بوون، پێتان وایە ئەو بۆچوونە ڕاست بێت کە پەکەکە و پەیەدە تیرۆریست بن، ئێوە بۆچی لەگەڵ سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی دان، کە لەم دیو سنور ئەجێندای پارتی جێبەجێ دەکەن، بۆچی ئەوەندە دۆستایەتی لەگەڵ پەیەدە و پەکەکە ناکەن لە خۆرئاوای کوردستان؟**

**ئیبراهیم برۆ:** ئێمە گرێدراوی حکوومەت و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کوردستانین، ئێمە کار ناکەین لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، زۆر باشە، بۆ ئەمڕۆ شتێکی عەیب نییە تێکەڵی لەگەڵ کوردستان سووریا هەبێت، 100کم گرێدراوین بە دەوڵەتی تورکیا. کاك هۆشەنگ دەزانێت یەك شاندی ئێمە هەبوو، هەموو ڕێکەوتین لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە ئەستەمبوڵ هەموو بە یەکەوە ئیمزامان کردوە، کاك هۆشەنگ یەکێك بوو لە شاندەکەی ئێمە ئەو کارانە کارێکی ئاساییە لە پەیوەندییەکانی ئێمە هەبێت. هەر شتێك لە نێوان پارتی دیموکرات و پەکەکە بێت، وەك (ئەبوسابیر) گوتی، من دەمەوێت لە سەر ئەو بابەتانە قسە بکەم کە گرێدراوی کوردستانی سووریایە.

*** بەڕێز سلێمان عەرەب گوتی: ئەو دەستکەوتانەی کە لە خۆرئاوا هاتوەتە دی (پەیەدە) کردوویەتی، کێ کردوویەتی بۆچی ئێوە دان بەوەدا نانێن؟**

**ئیبراهیم برۆ:** بە بڕوای من خۆزگە دەستکەوتێك هەبوایە، شتێکیان هەبوایە بۆ میللەتی کورد وەك بەیاننامەی 11 ئازار 1970 لە کوردستانی عێراق دەرچوو، دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی باشوور، خۆزگە جێبەجێب کرایە، ئێمە ڕێز لەو شەهیدانە دەگرین، خۆزگە هاتوایایە لە سەر ئەو بابەتە بەرگریتان بکردایە، ئەو بابەتەی ڕووی دا لەبەر ئەمەریکا بوو، ئەوەیش بە یەکرێزیی ناوماڵی کورد بوو، من باوەڕ دەکەم زۆر زەحمەت بەر پەیەدە بکەوێت، ئەو کاتەی کەیفخۆشی لە ڕەقە دەکەن، باوەڕم وایە ئەمەریکا ڕێگا بدات لە ڕەقە مێنێت، پاشان شەڕ دژی تیرۆر کارێکی باشە، لە تەواوی دونیادا ئەگەر شەڕی تیرۆر بکەن باشە، بەڵام باوەڕ ناکەین ئەو دەستکەوتانە لە دەستی ئێمەدا مێنێتەوە، هەموو ناوچەی باشووری کوردی، لەو باوەڕەدام لە کاتێکی نزیکدا بۆ خەڵك، هێزی سووریای دیموکرات دەبێت بگەڕێتەوە سنوری خۆی وەك چۆن ئێستا لە باشووری کوردستاندا دۆست و دوژمنی کورد قبوڵ ناکەن، بێجگە لەو کوردانەی لە ژێر سنوری دەسەڵاتی خۆیدا نەبێت.

*** لە کۆی ئەو قسانە دیارە گرفتێکی گەورە هەیە لە خۆرئاوای کوردستان، ئێوە بەرپرسن چ وەك حیزبەکەت چ وەك لایەنەکانی تر، گەییشتووتە ئەو ڕادەیەی کە ئیبراهیم برۆ دەڵێت خۆزگە شتێکتان بکردایە لە خۆرئاوا، لانی کەم ڕێگا نادان ئۆفیس بکەنەوە، بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، شەڕێك دەکەن کە شەڕی ئێوە نییە، شەڕی وەکالەتی تورکیا و ئێران و ڕووسیا، ئێوە ئامادەن ڕووسیا و ئەمەریکا ڕازی بکەن بۆ خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆتان، بەڵام ناتوانن ئەنەکەسە ڕازی بکەن؟**

**فەتحوڵڵا حوسێنی:** ئێمە هەموو شتێکمان کردوە، کیانێکی کوردی هەیە ئێستا ناوی خۆرئاوایە، دەستکەوتێکی گەورە جوگرافیایەکی گەورە لە ژێر دەستی کوردایە ناوی باکووری سووریایە، پرۆژەیەکی سیاسی هەیە ناوی فیدراڵییە، پرۆژەیەکی کوردییە، کورد ئێستا هەموو سووریا بەڕێوە دەبەن، تەنها برایم برۆ بەڕێوە نابەن، (ئیبراهیم برۆ) جەماعەتەکەی بە ڕاستی ئێمە بەشێك بووین لە ئەنەکەسە و بەرپرسی ئەنەکەسە بووین، کاتێك ئێمە دەرچووین پرۆژەیەکی تازە هاتە ئاراوە، کە دەتوانین کیانێکی کوردی ڕابگەیەنین، دەوڵەت ئێستا کیانێکی کوردی هەیە. خەونی ئەنەکەسە ئەوەیە تەنها ناسنامەیەکی عەرەبی سووری وەربگرن، ئێستا پێکهاتەیەکی کوردی هەیە، جوگرافیا هەیە، پرۆژەیەکی گەورە هەیە لە هەموو پارتەکان گەورەترە، پرۆژەیەکە لەشکری گەورە هەیە لە دژی تیرۆر، پرۆژەیەك هەیە خەڵك و پێکهاتەکان بپارێزن، جوگرافیایەك هەیە ناوی خۆرئاوا و باکووری سووریایە. ئێستا کارێ فشار لە دەست کورددایە ئەویش ڕەقە، برادەران با برۆنە شوێنێکی تر شەڕ بکەن، ئەوە پروپاگەندەی ئەنەکەسە و کۆمەڵەی ئیخوان

موسلیمین، کۆمەڵەی ئەنجوومەنی سووریا، هیچ ڕێکخستنێک لە ناو سووریادا نییە، هیچ ناوچەیەکی ڕزگارکراو لە ژێر دەستیاندا نییە، هیچ پرۆژەیەک بۆ سووریا، بۆ دیموکرات بوونی سووریا، بۆ کەرامەتی خەڵکی سووریا نییە، بۆچی ئەو پرۆژانە پێشکەش دەکەن، دەڵێن لە کۆنگرەکەدا پێشکەشی دەکەین، دەبێت کۆمەڵێک سیاسی لە سووریا دروست ببێت، دەبێت هەموو هێزی سیاسیی لە سووریا دانیشن، ڕێکەوتننامەی جنێڤ و ئەستانە ئەمانە هەمووی ڕۆیشتن، ئەمانە هەمووی پروپاگەندەیە، ئەو خەونەی لە 2011 هەبوو ڕۆیشت، سووریای 2011 نەما، ئێستا ڕاستییەک هەیە داعش هاتوو ڕۆیشت.

*** پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەیانگوت عێراق نەما تەواو دوای2003 ، تەنانەت بارزانی خۆیشی لە چەند ڕۆژێك پێش ڕیفراندۆم گوتی عێراق تەواو بوە. ئێمە لە دوای ڕیفراندۆم قسە لە سەر ناوچە جێناکۆکەکان تەواو بوە. کەرکووك تەواو بوە کوردستانی. ئێمە قسەمان لە سەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە؟**

**فەتحوڵلا حوسێنی:** ئێمە دەڵێین پرۆژەی ئێمە پرۆژەیەکی سووریایە، پرۆژەکە بۆ هەموو پێکهاتەکانی سووریایە، تا ئێستا پرۆژە ڕێگایەک نەهاتوەتە دەست ئێمە چۆن مامەڵە لەگەل یەکتری بکەین دوای چارەسەری سیاسی بکەین، بەڵام ئێستا هێزی عەسکەری لە پێشە لەگەڵ هێزی عەسکەری زۆربەیان شکستی هێناوە، بەڵام تا ئیستا هێزی عەسکەری لە پێشەوەیە، تا ئێستا داعش ماوە تەواو نەبوە لە سووریا، قاعیدە ماوە، بەرەی نوسرە بەشێکە لە قاعیدە، پارێزگایەکی گەورە بە دەستی ئەواندا ماوە.

***دیارە فەتحوڵلا حوسێینی گەشبینە بە حکوومەتی بەشار ئەسەد. دەڵێت پرۆژەیەك بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ نییە. ئەوەی پەکەکە لە ڕابردوودا بانگەشەی بۆ کردوە پەیەدەیش لەگەڵیان بوە بەوەی. ئێمە لەگەل دەوڵەتی نەتەوەیی نین. ئێمە لەگەڵ خۆسەریی دیموکراسیین. کە ئێستا ئێوەیش باسی دەکەن دەوڵەتی فیدراڵی خۆرئاوایە لە باکووری سووریا. تەنانەت گۆڕینی ناوی هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە بۆ گۆڕینی سوپای سووریای دیموکرات. ئێوە زۆر نەتانویستوە ناسیۆنالیستانە خەونی پرۆژەی دەوڵەتی کوردی هەبێت. ئەوەندەی ویستووتانە حکوومەتی بەشار ئەسەد ڕازی بکەن و لە داهاتوودا بچنە چوارچێوەی فیدراڵییەکەوە کە بەشار ئەسەد چوارچێوەکەی بۆ دارشتوە. لەگەڵ ئەوەیشدا با سەرنجت بۆ ئەوە ڕابکێشم. کە ئیبراهیم برۆ گوتی. خۆزگە کانتۆنەکان شتێکتان بکردایە. سادەترین شت ئەوەیە. کە دەڵێت جێگای ئێمە نابێتەوە لە خۆرئاوای کوردستان ئۆفیسێك بکەینەوە دەیسووتێنن. کادیرەکانمان دەستگیر دەکەن و تەنانەت ناهێڵن ڕۆژنامەکانمان بگاتە خۆرئاوای کوردستان؟**

**فەتحوڵلا حوسێینی:** من لە جیاتیی ئیبراهیم برۆ داوای لێبووردن دەکەم لە خانەوادەی شەهیدانی کوردستان، کە ئێمە ئەو هەموو شەهید و قوربانییەمان داوە، نەک بڵێت هیچمان نەکردوە، لە کاتێکدا هەموو جیهان سەری سووڕماوە بۆ ئەوەی کوردانی خۆرئاوا کردوویانە لە خۆرئاوای کوردستان لەم ماوە کورتەدا، ئەو قارەمانییەی نواندوویانە، پاراستنی مرۆڤایەتی، شەڕ لە پێناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤدا، ئاوەدانکردنەوەی سیستمێکی دیموکراتی کە هەموو لایەنێک و هەموو گەلانی خۆرئاوای کوردستان چ کورد چ عەرەب، سریان، تورکمان، موسوڵمان هەموویان ڕۆڵی خۆیان تێیدا ببینن. هەموویان بە ئازادانە تێیدا بژین و مافی ژن بدرێت و مافی گەنجانیش بدرێت، ئاوادانکردنەوەی سیستمێکی دیموکرات لە کاتێکدا لە چوارچێوەی بارودۆخێکی زۆر دژوار دەژین و شەڕ بەرانبەر تیرۆریستانی داعش و ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکەیت و دەوڵەتی تورکیایش بە مانە بڵێت تۆ هیچ دەسکەوتێک بە دەست نەهێناوە، بێگومان ئەمانە قسەیەکی ڕاست نییە، من دووبارە دەمەوێت ئەم فرسەتە بقۆزمەوە، ئێستا گوتم ئێمە نوێنەرایەتیی حکوومەتی خۆرئاوای کوردستان دەکەین، نەوەک پەیەدە. بۆ ئەوەی خەڵک تێ بگات لە بابەتەکە ئیبراهیم برۆ نایەنەوێت لە بابەتەکە تێ بگات و دوور دەکەوێتەوە لە لایەنە ڕاستییەکە، من دووبارە دەڵێم حکوومەتێک لە خۆرئاوای کوردستان هەیە، ئەگەر ڕەخنەیەک هەبوو لە سەر ئەم حکوومەتە، بێن بەشدار بن لە پرۆسەی سیاسییەکە کە ئێمە بەرەو هەڵبژاردنێک دەچین، ئەگەر بیانەوێت گۆڕانکارییەک بکات لە خۆرئاوای کوردستان، با

بێن بە شێوەیەکی دیموکراسی بەشدار بن لەم هەڵبژاردنانە، بەڵام ئەگەر ئەنەکەسە بەشدار نەبێت، لە دەرەوەی سنور بمێنێتەوە، بێگومان پەیەدە دەردەکەوێت لە گۆڕەپانەکەدا، بێگومان پارتی چەپ دەردەکەوێت، چونکە ئەوە بەشدار دەبێت لە هەڵبژاردنەکان و پۆستەکانیش وەردەگرێت، ئەو کاتە سیاسەت و پاشەڕۆژی ئەو میللەتە دەنەخشێنێت لە سەر خاکەکەی، لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئێمە وەک (ئیبراهیم برۆ) دەڵێت، کە پەیەدە حسابیان بۆ ناکات، ڕێگایان پێ نادات دووبارە حکوومەتی خۆرئاوای کوردستان هەیە، دژی یاسایەک هەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە، وەک هاوڵاتییەکی خۆرئاوای کوردستان، ئایا ئەنجوومەنی سووری، ئیخوان موسلیمین حساب بۆ ئەنەکەسە دەکەن؟ ئایا ئامادەیە مافی کورد بدات؟ ئایا ئەنجوومەن لە باوەشی دەوڵەتی تورکیادایە، ئیبراهیم برۆ گوتی: ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی وەک تورکیا، ئێران ئامادە نین کورد بگەن بە مافی خۆیان، ئایا چۆن ئەنجوومەن ئامادەیە مافی کورد بدات؟ کەواتە هیوادارم لە برادەرانی ئەنەکەسە ئەگەر پڕۆژەیەکیان هەبێت بەدواداچوون بکەن، ئەوان تەنها بە ناو دەڵێن ئێمەیش فیدراڵیمان دەوێت، بەڵام پڕۆژەیەکی ڕاستیان نییە تەنها قسەیە. فیدراڵی یان حکومی زاتی لە خۆیەوە نایەت، دەبێت خەبات بکەیت، دەبێت هەموو دامودەزگاکان دامەزرێنیت، دەبێت سیستمێک دروست بکەیت، کە بتوانیت ژیانێکی سەربەخۆ بۆ خەڵک دەستەبەر بکەیت.

***بۆچی ئێوە بانگەشەی سەربەخۆیی ناکەن، ئەوەندەی بانگەشەی خۆسەریی دیموکراسی دەکەن؟**

**فەتحوڵلا حوسێنی:** من دەمەوێت بڵێم ئێمە هەرگیز نەمانگوتوە تەواو بابەتەکان لە سووریا کۆتاییان هاتوە، بە پێچەوانەوە ئێمە لە ساتی یەکەمەوە دەڵێین، ئەم شەڕە بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ کۆتایی نایەت، ڕژێمی ئەسەد بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە، دەبێت خۆمان ئامادە بکەین، بە لایەنی کەمەوە بۆ 10ساڵ دەخایەنێت ئەم شەڕە، خوێندنەوەیەکی واقیعی و ستراتیژیمان هەبوو بۆ ناوچەکە، هەرگیز شەڕمان نەکردوە و پەنامان نەبردوە بۆ ڕژێمی ئەسەد، ئێمە دەمانەوێت سیستمێکی دیموکراتی و فیدراڵی لە سووریا ئاوەدان بکەینەوە.

**یەکڕیزیی ماڵی کوردی بۆ ئێمە وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لە سووریا خواستێکی سەرەکیی ئێمەیە، ئێمە بانگەواز دەکەین لە هەر چوار بەشی کوردستان یەکڕیزی دروست ببێت**

”

***دیارە ئێوە وابەستەی سیاسەتەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانن لە ڕابردوودا، ئۆجەلان ڕای گەیاندبوو، ئەوان هێزی خۆسەری دیموکراسی پیادە دەکەن لەجیاتیی تێزی (دەوڵەت – نەتەوە)وە، تەنانەت ڕایان گەیاند، ئەوان دژی تێزی (دەوڵەت - نەتەوە)ن، پارتی و یەکێتی لە باشوور نوێنەرایەتی دەکەن چەند ساڵێك لەوەو پێش تێزی خۆسەریی ئۆجەلان شوێنی تێزی (دەوڵەت – نەتەوە)ی گرتەوە، ئێوە لەگەڵ دەوڵەتێکی نەتەوەیی نین لەگەڵ خۆسەریی دیموکراسین یان جۆرێکە لە فیدراڵی کە ئێستا ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن لە خۆرئاوا بۆ پێکهاتەکانی تورکمان، ئاشووری بەشدارن لە پێکهاتەکەدا، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینن سوپای سووریای دیموکرات شتێك نییە جگە لە هێزەکانی پەیەدە ئەوە زۆرتر بانگەشەی سیاسییە بۆ ئەو واقیعەیەتە کە تەنها کورد لەوێ حاکمە و ئەوەی لە کەرکووك بینیمان، هەرێمی کوردستان پڕوپاگەندەی ئەوەی کردوە،**

**هەموو نوێنەرایەتییەکان بەشدارن لە پرۆسەی سیاسیدا، بەڵام لە 16ی ئۆکتۆبەر بینیمان ئەوەی دژی ئاڵا، دژی کەرکووک، دژی ڕیفراندۆم بوون پێکهاتەکانی تر بوون، ئێوە سیناریۆیەک دووبارە دەکەنەوە کە لە باشوور شکستی خواردوە؟**

**سلێمان عەرەب:** ئێمە وەک هێزی پەکەکە، وەک پارتی لەو بابەتەدا بەشدارین، بەڕێز ئۆجەلان سەرۆکی ئێمەیە، ئەو فەلسەفەی ئۆجەلان نوسیوویەتی لەگەڵ پارادیگمای شارستانیی دیموکراتی لە سەر ئەو فەلسەفەیە دەڕۆین، پرۆژەی چارەسەری سیاسیی خۆمان بە پێی ئەو فەلسەفەیە دادەڕێژین. سەرۆک ئۆجەلان سەرۆکی پەیەدەیە، ئێمە لە بەرنامەی سیاسیی خۆمان و لە کۆنگرەی خۆماندا ئاماژەمان بەوە کردوە، هەروەها پەکەکە پارتێکی کوردستانییە، ڕۆڵێکی گرینگی هەبوە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بۆ کێشەی کورد، بۆ مافی گەلی کورد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت پەکەکە لە تێکۆشانی کۆبانێدا پشتگیریی کۆبانێی دەکرد زیاتر لە هەر لایەنێکی تر، لە کەرکووک تێکۆشانی کرد، پەکەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا هەیە، هێزێکی کوردستانییە، ئێمە وەک پارتێکی کوردستانی وەک پارتێکی برا، وەک پارتێکی کوردستانی چۆن لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، گۆڕان، هەدەپە، پارتی کرێکارانی کوردستان لەو لایەنانە نزیکین، بە تایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان توانییان ڕۆڵێکی سەرەکی هەم لە پاراستن هەم لە پشتگیریکردنی سیاسی لە خۆرئاوای کوردستان ببینن. بە گشتی کێشەیەک هەیە پاشەکشێ و کێشەی ئەو کێشە گەورەیەی کە کوردستان پێیدا تێپەڕی، ئێمە هەموو هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە بەرپرسیار دەبینین، هەم حکوومەت، هەم پارتی سیاسی، ئێمە دەمانەوێت جارێکی تر بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە، ئێمەیش وەک پارتێکی خۆرئاوای کوردستان پشتگیریی ئەو سیاستە دەکەین. ئێمەیش وەک خۆرئاوا لە ئەزموونی خۆرئاوا سوود وەربگرین، بابەتێکی تری گرینگ ئەوەیە ڕۆژبەڕۆژ فیدراڵی لە خۆرئاوای کوردستان بەرەو پێشەوە دەچێت، لە خۆرئاوای کوردستان بەرەو هەڵبژاردن دەچین، کە چۆن بۆ دەستپێکردنی ڕیفراندۆم بەڕێوە بریێت بۆ بەدەستهێنانی فیدڕاڵییە، ئەو کەسانەی کە لە باشووری کوردستان ڕیفراندۆمیان پێ باش نەبوو، بڵێن لە خۆرئاوایش فیدراڵی ئەنجامی باشی نابێت، مەخابن!

*** لە ڕابردوو لە خۆرئاوا هەڵبژاردنێک بەڕێوە چوو، لە داهاتوودا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوە دەچێت، ئەوە ئەنەکەسەیە کە ناڕازییە و بەشداری ناکات و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کردوە، پارتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریا (حەمید دەرویش) بەشدای نەکردوە و زۆر لە پارتەکانی تر بەشداری ناکەن، کەواتە ئەو هەڵبژاردنەی دەکرێت جگە لە پەیەدە هێزێکی تر بەشداریی تێدا نییە، کەواتە هەڵبژاردن بۆچی دەکەن؟**

**سلێمان عەرەب:** مەخابن! ئەنەکەسە بەیاننامەیەکی دەرکرد هەر پارتێک لە هەڵبژاردنەکان ئامادە نەبێت، هەروەها لە پاشەڕۆژدا پاشەڕۆژی دیار نابێت، ئەو ڕاستییەی لە خۆرئاوای کوردستان دروست بوو هەموو گەلی خۆرئاوا، بە تایبەت (ئەنەکەسە) لە پێش هەموو کەس چوە سەر سندوقی دەنگدان بۆ بە دەستهێنانی فیدراڵیی دیموکراتی، بە هەزاران کەس چوونە سەر سندوقی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگیان بە فیدراڵیی دیموکراتی داوە، ئەو بەیاننامەیەی (ئەنەکەسە) بڵاوی کردەوە بۆ هەموو خەڵک بوو، 1/19 فیدڕاڵی دیموکراتی لە باکووری سووریا ئەنجامەکەی کۆتایی بێت، کۆنگرەی گەلان کۆتایی بێت.

*** کاک هۆشەنگ ئێوە تۆمەتبارن بەوەی سیاسەتی پەکەکە بەڕێوە دەبەن، هاوپەیمانیتان هەیە لەگەڵ پەیەدە و کانتۆنەکانی خۆرئاوا، بەشدارن لەو پرۆسە سیاسییە، د. سلێمان بە ئاشکرا دەڵێت ئۆجەلان سەرۆکی پەیەدەیە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕۆڵی خۆی هەیە، کەواتە ئەوە قسەکانی ئیبراهیم برۆ دەسەلمێنێت کە یەک گەل، سەرۆک، هێز، ئایدیا، ئایدیۆلۆژیا، سیستم هەیە و ئەویش پەکەکە و عەبدوڵڵا ئۆجەلانە، لە کوێی ئەمەدا پرۆسەی دیموکراسی بەڕێوە دەچێت، بەم شێوازە خۆرئاوا لە بەردەم مەترسیی گەورەدایە، کە پرۆسەیەکی دیموکراسی بەڕێوە ناچێت، تاک حیزبی و تاک هەژموونی، لە دوای ڕزگاربوونی ڕەقە بینیمان کە حکوومەتی تورکیاتان نیگەران کرد لەو گۆڕەپانەی کە**

**داعش دەبابەكانی تێدا دەسووڕانەوە، پەیەدە بە ئالای پەكەكەوە و وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەمان سیناریۆی دووبارە دەكردەوە، واتە ئەو ڕەخنە و بۆچوونانە ڕاستە، ئێوە دەتانەوێت حكوومەتی خۆرئاوا بەڕێوەبەرن یان پارتی كرێكارانی كوردستان سەربخەن؟**

**هۆشەنگ دەرویش**: ڕاستییەك هەیە ئەگەر خۆمان باسی بكەین یان نا، پارتی دیموكراتی كوردستان یەكگرتوو بێت وەك پەكەكە بێتە سەر خاكی خۆرئاوا خەبات بكات و بتوانێت شەهید بدات، توانیبێتی ستراتیژێكی كوردستانی بەڕێوە بچێت، با بێت بە خێربێت، من ئەم قسەیە بۆ مێژوو دەڵێم: دوای ڕووداوەكانی سووریا خەریك بوو شەڕ لە سەر ناوچەكانی خۆرئاوا دروست دەبوو. لە دانیشتنێكی تایبەت لەگەڵ (جەمیل بایك) لە سەر بارودۆخی كوردستان، دەڵێت «كوردی خۆرئاوا زۆر شەهیدی داوە بۆ باكووری كوردستان، دەڵێت: خۆمان قەرزداری خۆرئاواین، چەند شەهید هەبێت خۆمان بۆ خۆرئاوا شەهید دەكەین، جێگای شانازییە شەهیدی خۆرهەڵات لە سەر خاكی خۆرئاوا دەبینین، باكوور لە سەر خۆرئاوا، لە باشوور لە سەر خۆرئاوا شەهید دەبن. بابەتێكی تر هەیە پێویستە لە بیری نەكەین، بۆچی هێزی مەغریب و جەزائیر دەڵێن دژی هێزی توندڕەو شەڕ دەكەین، جارێك بە ناوی ئیسلام جارێك بە ناوی عەرەب بوون بۆ نموونە، بۆچی نایاساییە كوردێك لە باكووری كوردستان، كە فەرماندە بێت لە سەر خاكی خۆرئاوا شەڕ بكات بۆ پاراستنی میللەتی خۆیان. بە بڕوای من جێگای شانازییە بۆ خۆرئاوای كوردستان، پەكەكە سیاسەتی تەنها قسە نییە، سیاسەتی خوێن و خەباتە.

*** پەكەكە كە سیاسەتی خوێن و خەباتە بۆچی ئامادە نەبوو، بۆ كەركووك لە باشووری كوردستان خوێن بدات؟**

**هۆشەنگ دەرویش**: لە باشووری كوردستانیش ئامادە بوو. خۆم ئاگادار بووم لە ناو كەركووك، كە تازە ئەو بارودۆخە بە سەر كەركووكدا هات، زۆر لایەنی دیاریكراو داوایان كرد، هێزی پاراستنی كەركووك دروست ببێت، دیارە ئەوەی پێشنیار كراوە بۆ هەستیاریی بارودۆخەكە بوە، لە كەركووك یەك یان دوو شەهید هەبوە. ئەو بارودۆخەی كەركووك، پێش ڕووداوەكانی كەركووك، هێزی پاراستنی گەل لە كاتی بارودۆخی شەنگالدا بەشداریان كرد، هێزی پاراستنی كەركووكیش ئەركێكی گرینگیان بینی، لەم شەڕەی كۆتایی كەركووكدا ڕەنگە ڕاست نەبێت ئێمە پێی بڵێین شەڕ، چونكە شەڕێكی وا دەرنەچوو، بەڵام دیار بوو هێزێكی زۆر گەورە هاتبوو بۆ ئەوەی كەركووك داگیر بكات، بەڵام هێزی پاراستنی گەل بەیاننامەیەكیان دەركرد، كە ئەوان تا ڕۆژی دووەم هەر شەڕیان كردووە.

*** بۆچوونێك هەیە ئایا ئیتلافی سووری، ئیخوان موسلمین، سوپای سووریای بەناو ئازاد، ئەو ئەجێندا دەرەكییەی هەیە، ئایا بابەتی فیدراڵی، بابەتی خۆسەریی دیموكراسی، مافەكانی خۆرئاوا قبوڵ دەكات، كە هەندێك لە لایەنی سیاسی پشتگیریی دەكەن، ڕەخنە دەگرن لە (پەیەدە) كە سیاسەتی بەشار ئەسەد و كۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەبات؟**

**مەحموود محەمەد (ئەبوسابیر)**: لەو ڕێكەوتنەی نێوان ئەنجوومەنی نیشتیمانیی كورد لە سووریا، هێزی هەماهەنگی و شۆڕش دروست بوو، ئێمە ئەندام بووین لە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی كورد لە سووریادا. ئەو بەڵگەیەی لە سەر ڕێكەوتن هەبوو، مافی هاوڵاتیبوونیان نەدابوو بە كوردان، لە سەر ئەو بابەتە هەندێك برادەر داوای خۆسەری دەكەن. لەبەرئەوە ئێمە وەك پارتی یەكێتیی دیموكراتی كورد لە سووریا، لەو كاتەدا ڕاگەیاندنێكمان بڵاو كردەوە، ئەو ڕێكەوتنەی لە نێوان هێزی هەماهەنگی و شۆڕش، ئەنجوومەنی نیشتیمانیی كورد لە سووریا، بۆچوونی ئێمە لە سووریای داهاتوودا جێبەجێ ناكرێت، مافی میللەتی كورد لە ڕێكەوتنەكەدا نییە. كاتێك ئێمە دەبینین پەیوەستی و یەكڕیزی هەیە، بۆ یەكڕیزی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی كورد لە سووریا لەو چوار چێوەیەدا دەربازی ناو هێزی هەماهەنگی دەبین، بە داخەوە بە بۆچوونی ئێمە ئەو ڕێكەوتنە مافی هاوڵاتیی ئێمە بوو، پاشان دوای دوو ڕۆژ لە كاتێكدا مەرەكەبی ئەو ڕێكەوتنە وشك نەببوەوە، یاسای (سیادەی وەتەنی) دەرچوو، ئەو ڕێكەوتنانەی ئێستا دەكرێن ڕێكەوتنی كاتین، ڕێكەوتنی ستراتیژی كاتێك دروست دەبێت دوای ڕووخاندنی بەشار ئەسەد، ئاوەدانكردنەوەی وڵاتێك و لە پەرلەمانی وڵاتدا ئەو مافانە دەستەبەر دەبێت. ئێمە زۆر ئومێدمان لە سەر ئەوە گرێ داوە، بەشار ئەسەد لە

سـەرۆکایەتی بمێنێـت، دڵنیـا بوویـن کـە هیـچ مافێـک بـە کـورد نـادان. بـە بـڕوای مـن لـە نـاو ڕژێـم دا، لـە نـاو ئۆپۆزسـیۆندا لـە سـەر پرسـی کـورد بۆچوونیـان دژوارە. ڕژێـم کاتێـک دەکەوێتـە ئاستەنگەوە دەڵێت کورد بەشێکە لە هاونیشـتیمانیی نەتـەوەی کـورد، دەڵێیـت کەسـێکی دیموکراتـە، بـەڵام دواتـر دەڵێـت کـورد کەمـە نەتەوەیەکـی بچووکـن، کـورد لـە لای بەشـار ئەسـەد تەنهـا وەک مرۆڤێـک کـە جیایـان دەکاتـەوە لـە ئـاژەڵ، ئەگینـا هیـچ مافێکیـان نابێـت، بـە بـڕوای مـن چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد لـە چوارچێـوەی وڵاتی سـوورییایەکی دیموکـراتی، دەسـتووری، پەرلەمانیـدا، ناچـار دەبـن لەگـەڵ ئۆپۆزسـیۆنی سـووریا بگەنـە ڕێکەوتنێـک و لەگـەڵ هـەر دوو لایەنەکـە کار بکـەن، لـە سـەر دەسـتووری سـووری ڕێکەوتنێکـی تەوافقـی لەگـەڵ هـەر دوو لایەنەکـە بکـەن، چارەسـەرکردنی پرسـی ئێمـە لـە شـامە، نـەک لـە بەغـداد، ئەنقـەرە، تـاران، هەولێـر، سـلێمانی، قەندیـل. ئێمـە دەبینیـن ئیئتـلاف نـاو نرابـوو سـوپای ئـازاد، ئەوانـە توندڕەو بـوون، بـرای موسـوڵمان نـاو نرابـوون ئیخـوان موسـلیمین. مـن دەبینـم تەڤگـەری سیاسـیی کـوردی بـە هەمـوو ڕەنگاکانـەوە کۆنگـرە لـە هـەر شـوێنێک دروسـت ببێـت، پێویسـتە کـورد لـە نـاو ئـەو کۆنگرەیـەدا هەبێـت، بۆچـوونی بەرپرسـانی کـورد وەربگیرێـت، بەرەوپێشـچوون لـە دەسـتەبەرکردنی مـافی کـوردا بکـەن، ئەگـەر هاتـوو ئەنجامـی کۆنگـرە لـە بەرژەوەندیـی دۆزی کـورد بـوو، بەیاننامەیـەک ئامادە بکـەن بڵێـن گـەلی کـورد ئێمـە بەشـداریی ئـەو کۆنگـرە بوویـن لـە (ئەسـتانە)، یـان سـعودیە، جنێـڤ، قەتـەر، ئەسـتەمبول بێـت، بڵێـن ئێمـە پرسـی کـورد بـەرز دەکەینـەوە، ئـەو لایەنانـەی تـر کـە لـە وڵات دەژیـن ڕێـگا نـادەن پرسـی کـورد بـەرەو پێشـەوە بچێـت، بۆیـە ئێمـە لـە ئەنجامـی ئـەو کۆنگرەیـە بەرپرسـیار نیـن.

***هەدەپـە چ ڕۆڵێکـی نەرێنیـی هەیـە لـە خۆرئـاوای کوردسـتان، کـە هەندێـك پێیـان وابـوو ئێـوە سیاسـەتی هەدەپـە جێبەجـێ دەکـەن؟**

**ئیبراهیـم بـرۆ:** ئەبوسـابیر دەڵێـت ئـەو بەڵگەنامەیـە کـە لـە سـووریا ئیمـزا کـراوە هیـچ شـتێکی بـۆ کـورد تێـدا نییـە، مـن دەتوانـم بڵێـم یەکـەم جـارە لـە مێـژووی سـووریادا ئۆپۆزسـیۆنی سـووری دروسـت ببێـت، مـافی کـورد وەک نەتـەوە، میللـەت، گـەل، لـە نـاو ئـەو ڕێکەوتنـەدا ئیمـزا کـراوە. مـن دەزانـم وەک کەسـایەتیی زۆر کـەسی خـراپ و شـۆڤینی لـە ناویانـدا هەیـە. مـن دەتوانـم ئـەو دۆکیۆمێنتـە پیشـانی میوانەکـەتی بـدەم، مامۆسـتا هۆشـەنگ خـۆی ئـەو دیکۆمێنتـەی هەیـە، بـۆ پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ئێمـە وەک ئەنجوومەنـی نیشـتیمانیی کـوردی هیـچ لـە سـەر ئێمـە فـەرز نەبـوە، وەک مەسـعوود بـارزانی یـان ڕۆڵـی پـارتی تێـدا بێـت.

***پێـت وایـە خۆرئـاوای کوردسـتان، کانتۆنەکانـی خۆرئـاوا لـە ژێر سـایەی حکوومەتی بەشار ئەسـەددا دەتوانـن دەسـتکەوت و ئیمتیـاز یـان فیدراڵـی، یـان ئـەوەی خۆیـان ناویـان ناوە خۆسـەریی دیموکراسـی بـە دەسـت بهێنـن، یـان داهاتـووی خۆرئـاوای کوردسـتانیش بـە هەمـان شـێوەی کەرکـووك، ناوچـە جێناکۆکـەکان دەبێـت؟**

**ئیبراهیـم بـرۆ:** ئەگـەر بیانتوانیایـە لـە کۆنگـرەی نێودەوڵەتیـدا بـن، یـان لـە دەوڵـەتی سـووریا بـن، مـافی نەتـەوەی میللـەتی کـورد لـە دەسـتووردا بپارێـزن، فیدراڵـی دروسـت بکـەن، یـان ئۆتۆنۆمیـی دروسـت بکـەن هـەر کـەس توانیـی ئەوانـە دەسـتەبەر بـکات، ئێمـە لـە سـەر سـەری خۆمـان قبووڵـی دەکەیـن. مەخابـن! ئـەم پرسـە زۆر گەورەیـە تـا ئێسـتا ڕژێـم ناڵێـت بەڵـێ بـۆ مـافی میللـەتی کـورد، تـا ئێسـتا دۆزینـەوەی چارەسـەرێک بـۆ بەدەسـتهێنانی مـافی نەتـەوەی میللـەتی کـورد، دەبێـت بـە یەکهەڵوێسـتی بێـت، مـن دەزانـم دەسـتەبەرکردنی مـافی کـورد لـە سـووریا نـە بـە پشـتیوانیی کوردسـتانی باشـوور و نـە لـە خۆرئاوایش دەبێـت لـەو وڵاتانـە شـەڕ نەمێنێـت ببنـە وڵاتێکـی دیموکراسـی و مـافی ئێمـە لـە دەسـتوور بپارێـزن، ئـەو کاتـە لـە دەسـتووردا دەتوانیـن مـافی نەتەوەیـی دەسـتووری خۆمـان بپارێزیـن.

*** پەیـەدە ڕایـان گەیانـدوە سـەربەخۆییان ناوێـت، بەڵکـوو خۆسـەریی دیموکراسـییان دوێـت، پێـت وایـە هەمـان بۆچوونی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانە؟**

**ئیبراهیـم بـرۆ:** بێگومـان ئێمەیـش سـەربەخۆبوون لـە کوردسـتانی سـووریادا داوامـان کـردوە، ئێمـە داوای فیدراڵـی دەکەیـن، ئێمـە و پەیـەدە پێـش 4 سـاڵ داوای فیدراڵـی دەکەیـن، فیدراڵـی هەرێمـی کـوردی یـەک جوگرافیـا و فیدراڵـی هەرێمـی ئیـداری لـە سـووریا دروسـت بێـت. هەرێمـی کـوردی بێـت، لـە بەشـێک لـەو فیدراڵییـەی کـە لـە سـووریا دروسـت دەبێـت. (پەیـەدە) دەسـتی لـەو سیاسـەتە بـەرداوە، (پەیـەدە) خـۆی دەڵێـت: پـڕۆژەی ئێمـە سـوورییایە، بێگومـان ئەمـڕۆ لـە ژێـر

سێبەری دەوڵەتی سووریادایە، دەبێت مافی خۆمان چارەسەر بکەین، پەککە ئەوان ڕادەسپێرن.

*** بۆچوونت چییە لە سەر ئەو قسەکانی ئیبراهیم برۆ ؟ خەباتی خۆرئاوا بەرەو کوێ دەڕوات؟**

**فەتحوڵڵا حوسێنی:** خەباتی خۆرئاوا تا ئێستا سەرکەوتوو بووە، هەر سەرکەوتوو دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕێکەوتنێک لە نێوان پێکهاتەکانی خۆرئاوا و لە نێوان کوردەکان هەیە، دەربارەی (ئەنەکەسە)، بە ڕاستی (ئەنەکەسە) نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی بە ئەرکی خۆی هەستێت لە خۆرئاوای کوردستان، هەموو کات اوا دەکەین وەک ئۆپۆزسیۆنێکی باش لە ناو خۆرئاوای کوردستان کاری سیاسیی خۆیان بکەن، دەتوانن بارەگاکانی خۆیان بکەنەوە و خۆپیشاندان بکەن، ڕەخنە بگرن، بەڵام قەدەغەکردنی هەموو شتێک و ئەو دەستکەوتەی لە خۆرئاوای کوردستان، باکووری سووریا هەیە، ڕاستی بەو شێوەیە بڕیارێکی سیاسیی ڕاست لە لای ئەوان نییە. هەموو دەزانن ئەمڕۆ لە خۆرئاوای کوردستان نەخشەیەکی تازە دێتە پێشەوە، لە باکووری سووریایش نەخشەڕێگایەکی تازە دێتە پێشەوە لە سەر ئاستی لەشکری، سیاسی، ڕێکەوتن هەیە ڕاستە، بەڵام ئەو ڕێکەوتنە ئەوان خۆیان جێبەجێیان نەکردوە، ئەنەکەسە نەتوانیی دەستکەوتی خۆی بە دەست بهێنێت. لەبەر ئەوەی ئەنەکەسە دەیان کێشەی هەبوو، کێشەکانی ئەنەکەسە کیشەی ڕێکخستن بوو نەک کێشەی سیاسی، بەڵام هەموو کات داوامان لە ئەنەکەسە کردوە، ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، واز لەو تەشویشە بهێنن لە سەر خۆرئاوای کوردستان.

ئەمڕۆ نەخشەیەکی تازە دێتە پێشەوە، خۆرئاوای کوردستان، باکووری سووریا، هەموو سووریا دەگرێتەوە، بەڵام ئەو پروپاگەندانەی دەڵێن: پارتی چەپ بەشێکن لە ڕژێم، خەڵک بێزار بوون لەو قسانە، ئەمڕۆ شتێکی تازە دێتە پێشەوە، بەڵام دیارە ئەو خەیاڵەی لە لای ئەنەکەسە هەیە دوورە لە ڕاستییەوە.

*** خەڵك لەو قسانە بێزار بوە یان لە (ئەنەکەسە) بێزار بوون؟**

**فەتحوڵڵا حوسێنی:** لە ئەنەکەسە و قسەکانی ئەنەکەسە بێزار بوون، ئەنەکەسە هیچ دەستکەوتێکی لە خۆرئاوای کوردستان جێبەجێ نەکردوە دوورە لە واقیعەوە، ئەنوەر حسێن دەڵێت» ئەنەکەسە هیچ ئیستحقاقێکی وەرنەگرتوە.

> **ئەو هێزەی لە باشووری کوردستانە مەخابن، هێزێکی عەسکەرییە لە پاڵ سەرۆوەریی هەندێک سیاسی دایە سەر بە هێزی پارتییە**

ئیستحقاقی هەبوو، بەڵام نەیتوانی جێبەجێی بکات، ڕێکەوتنی دهۆک کە بەرێز ئیبراهیم باسی دەکات ئێمە لەوێ بووین، ڕێکەوتنی دهۆک 3 خاڵ بوو، ئەنەکەسە نەیتوانی جێبەجێی بکات، دەبوایە لە دوو مانگدا خاڵەکان جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەنەکەسە لە مانگێکدا نەیتوانی خاڵێک جێبەجێ بکات.

*** ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕووی دا بە مەترسیی دەبینن چ لە سەر خۆرئاوا، ئەزموونی خۆرئاوای کوردستان لە بەردەم ئەو مەترسییەدا دەبینن، دەبێت چی بکرێت؟**

**فەتحوڵڵا حوسێنی:** ئێمە گوتمان لاوازبوونی هەر پارچەیەکی کوردستان لاوازبوونی پارچەیەکی ترە، ئێمە پارمەتیدەرین بۆ باشووری کوردستان، لە باشووری کوردستان دەستەبەری مافەکانی کورد نەکرابوو، گەیشتبوە ئەو ئاستەی، نەتوانن ئۆپۆزسیۆنێک قبوڵ بکەن، نەتوانرا دەستەیەکی شەرعی قبوڵ بکەن، لەبەرئەو هۆکارانە کە ڕیفراندۆم کرا، نەتوانرا سەربەخۆیی دەستەبەر بکەن، بۆیە 50% خاکی خۆیان لە دەستدا. ئێمە ناتوانین ئەو ئەزموونە جێبەجێ بکەین، برادەرانی (ئەنەکەسە) داوا دەکەن. دەیانەوێت ئەو ئەزموونە جێبەجێ بکەن، ئێمە هەموو ئەزمەکانی باشووری

کوردستانمان پێ باشە بە بێ براکوژی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنەکەسە سوورە لە سەر ئەو داوایە لەبەر ئەوە هێزێکی لەشکری دروست کردبوو بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەگەر توانیی بێتە خۆرئاوای کوردستان، ئەو هێزە بەرانبەر بە کوردەکان بە کار بهێنێت، بەڵام هەموو کەس دەزانێت کە هێزی یەپەگە تەنها هێزێکە کە هەموو سووریا دەپارێزێت.

*** ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕووی داوە ئێوە چۆن دەتوانن ئەزموونی بکەن لە خۆرئاوای کوردستان، بۆ ئەوەی لە خۆرئاوای کوردستان ڕوو نەدات، تا چەند پێتان وایە خۆرئاوای کوردستان لە بەردەم مەترسیدا نییە، وەك ئەوەی فەتحوڵلا حوسێنی گوتی: نایەڵین ئەو ئەزموونەی باشووری کوردستان لە خۆرئاوا دووبارە ببێتەوە؟**

**د. جاویدان حەسەن:** سەرەتا دەمەوێت وەڵامی ئیبراهیم برۆ بدەمەوە، ئەو هەندێك پرسیاری ئاڕاستەی من کرد، پرسیارەکەی ئەوەیە (بۆچی ناتوانێت بچێت بۆ خۆرئاوای کوردستان، یاخود گەنجێك دەستگیر کراوە، بۆچی تا ئێستا لە زیندان ماوە؟) پێویستە ئیبراهیم برۆ ئەگەر بزانێت مافی خوراوە، ئەوە حکومەتێك لە خۆرئاوای کوردستان هەیە سکاڵا تۆمار بکات، «ئیبراهیم برۆ دان بە دەوڵەتی ئێوەدا نانێت، کەواتە سکاڵا لە کوێ بنووسێت «کەواتە کێشەکە لای خۆیەتی لە هەموو دونیا ئەگەر مرۆڤێك دان بەو دەوڵەتەدا نەنێت کەواتە پێویست ناکات لەو دەوڵەتەدا بژی، تۆ کاتێك دان بەو حکومەتەدا نانێت، هەوڵ دەدەیت ئینقلاب بەسەر ئەو دەوڵەتەدا بکەیت، کەواتە تۆ مەترسیت لە سەر ئاسایشی ئەو دەوڵەتە، لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا کاتێك دەتەوێت خۆپیشاندان بکەیت، بێ ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکان ڕێگات پێ نادەن، چونکە یاسایەك هەیە دەبێت بە پێی ئەو یاسایە بڕۆیت.

*** تۆ بۆچی خۆرئاوا بەراورد دەکەیت بە پاریس و واشنتۆن؟**

**د. جاویدان حەسەن:** چونکە خەونی ئێمەیە وڵاتێکی ئازاد و دیموکرات دروست بکرێت، مافی گەلی کوردە سیستمێکی دیموکرات دروست بێت، من بەراوردی خۆم بە ڕژێمی بەشار ئەسەد ناکەم. ئەم سیاسەتانەی لە ناو ئەنەکەسەدا هەبوون، بۆچی کاتی خۆی ئامادە بوون خۆیان هەڵبژارد کاندید بوون بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام لە پەرلەمانی سووریا لە کاتی ڕژێمی بەشار ئەسەد، بۆچی ئێستا خۆیان کاندید ناکەن بۆ ئەوەی ببنە نوێنەری خەڵك لە حکوومەتی خۆرئاوای کوردستاندا، تۆ دەڵێیت»ڕژێمی بەشار ئەسەد ڕژێمێکی دیکتاتۆر بوو، بەڵام ئێستا ئامادە نابێت، کەواتە تۆ پرۆژەیەکی جیاوازت هەیە، دەبێت خۆت یەکلایی بکەیتەوە، ئەگەر تۆ بەرژەوەندیی ئەم میللەتەت دەوێت، ئێمە وەك حکوومەت داوا دەکەین لە هەموو لایەنە سیاسییەکان بە پێی یاسا و ڕێنمایی ئاسایی بەشدار بن لە هەڵبژاردن و حکوومەت، هیوادارم ئەگەر ئەنەکەسە و ئیبراهیم برۆ پرۆژەیەکیان هەیە بۆ کوردی خۆرئاوا بگەڕێنەوە بۆ خۆرئاوای کوردستان و بەشدار بن بە ڕۆڵی خۆیان هەستن، بەڵام وەك ئەزموونی باشووری کوردستان ئایا خۆرئاوای کوردستان لە بەردەم مەترسیدایە؟ بێگومان شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان، شۆڕشێکی نوێیە، لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنانە، هێشتا لە مەترسیدایە، دەبێت ئێمە یەکدەنگ و یەکهەڵوێست و یەکگرتوو بین، هەوڵ بدەین ئەم ئەزموونە پەرە پێ بدەین و بیپارێزین، بۆ نموونە لە باشووری کوردستان دوو هێزی سەربازی هەبوو، بەڵام لە خۆرئاوای کوردستان ڕێگەمان نەداوە دوو هێز دروست ببێت بۆ پاراستنی یەکڕیزی.

*** ئەوەی فەتحوڵلا حوسێنی گوتی «ئێمە ڕێگە نادەین ئەزموونی باشوور لە خۆرئاوا دووبارە ببێتەوە» واتە ئێوە تا کۆتایی ڕێگە نادەن ئەنەکەسە بەشدار بێت لە پرۆسەی سیاسی لە خۆرئاوای کوردستان، ڕێگە نادەن ئەو سیاسەتانەی پارتی دیموکرات لەوێ جێبەجێ بکرێت، لەوانەیە ئەوە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی گرفت و شەڕی ناوخۆی بکاتەوە، چۆن دەتوانن ئێوە گرەنتیی ئەوە بکەن کە لە خۆرئاوا پرۆسەی سیاسی سەرکەوتوو دەبێت؟**

**سلێمان عەرەب:** ئێمە نەك ڕێگەمان نەداوە بە ئەنەکەسە، ڕێگەمان بە هەر هێزێك داوە دەرفەتی بیرکردنەوە و بیر و بۆچوونی سیاسی خۆیان لە خۆرئاوای کوردستان هەبێت، هەموو کەسێکیش لە جێبەجێ کردنی خۆرئاوای کوردستاندا جێ دەستی دیارە، ئێمە وەك پارتێکی سیاسی لە ناو زۆر لە پارتەکانی خۆرئاوای کوردستان دەڵێین» ئێمە باسی پرۆژەی نەتەوایەتی دەکەین، بەڵام ئەنەکەسە جێبەجێکاری

سیاسەتی تورکیایە، هەموو کەس دەزانێت سیاسەتی تورکیا بۆ دەستەبەرکردنی مافی کورد و چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد، بەڵام جووڵەی سیاسی ئەوان، پشتگیری (ئیخوان موسلمین)یان دەکرد ئەمڕۆیش هەر کەسێك لە ناو ئیئتیلاف و ئیخوان مەخابن، بەڵام ئەنەکەسە کاری لە سەر ئەوە دەکرد یەپەگە و پەیەدە و خۆرئاوای کوردستان بخاتە لیستی تیرۆرەوە، « ئەنەکەسە دەڵێت کەسێك لە دژی ئێمە شەڕێکی سەربازی و سیاسی دەست پێ بکات، ئەمڕۆ هەموو کەس دەزانێت کە ئەوانە مایەپووچبوونی سیاسەتی توکیایە لە سووریا چۆن بەڕێوە دەچێت، ئەمڕۆ ئەو سیاسەتە کەوتوەتە جەرابلوس ئامانجی سیاسەتی تورکیا ئەوەیە پێش بگرێت لە بەرەوپێشچوونی فیدراڵی ئامانج لە پێشخستنی فیدراڵی کوردە، هەندێك کەس دەڵێت» فیدراڵی بۆ کورد نییە، هێزێکی کوردی نییە. ئەمەریکا دەڵێت «ئەمەریکا و رووسیا دەڵێن مافی کورد هەیە، تورکیا دەڵێت شتێك نییە بە ناوی مافی کورد هەموو هێزی نێودەوڵەتی دەڵێن کوردن، تەنها ئەنەکەسەکە دەڵێت» پەیەدە کورد نییە، من هیوادارم ئەنەکەسە بە باشی بە خۆیدا بچێتەوە.

*** داهاتووی خۆرئاوا چۆن دەبینیت، پێت وایە خۆرئاوا بە دەردی باشووری کوردستان دەچێت، یان ئێوە دەتانەوێت سەربەخۆ بمێننەوە و ڕۆڵی زیاتر بگێڕن، من هیوادارم وا نەبێت ئەگەری ئەوە هەیە ئێوە لەگەڵ ئەنەکەسە و هێزەکانی تر ڕووبەڕووی کێشەو گرفت و ئەگەری شەڕێکی ناوخۆیی هەبێت لە نێوانتاندا؟**

**هۆشەنگ دەرویش:** بارودۆخی خۆرئاوای کوردستان بەردەوام لە سەرکەوتندایە، ئەگەر ورد بینەوە کاتێك خەباتکارییەك لە سەرێکانی هەبوو، دوای شەڕ ڕێبەری هات بۆ لایەنی فیدراڵی، دوای بۆ ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات: (یەپەگە)، (یەپەژە)، هێزی سووریای دیموکرات، لە سەر ئاستی جوگرافی ئەگەر وردبینەوە ئێستا هێزی پاراستنی گەل (یەپەگە) بوو لە ئەولەویاتی ئەجێندای پێنتاگۆنی ئەمەریکا لە سەر ئاستی جیهان بۆ ناسنامەیەك بۆ خۆرئاواش بە گشتی هێزی پاراستنی گەل یەپەگە و هێزی سووریای دیموکرات، ئێستا دەتوانین بڵێین، ئەگەر کێشەیەك لە سەر ئاستی سووریا هەبێت کورد ئێستا وێنەی هێزی سووریای دیموکرات دەکات، کورد ئێستا ڕۆڵێکی پێشەنگ دەبینێت لە پرۆژەی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات بۆ چارەسەرکردنی دیموکراتی نیشتمانی لە سەر ئاستی سووریا، کورد ئێستا پێشەنگی ئەو چارەسەرکردنەیە. بۆ بابەتی دەستکەوتی خۆرئاوا، حەز ناکەم زۆر باسی ئەوە بکەم ئەگەر خەباتی ئەو هەموو ساڵە پاراستنی میللەت و خاکی خۆی دژی تیرۆر وەستاون هێزی توندڕەو بە هاوکاری هێزی سەربازی لە سەر ئاستی لۆجستیک و لە سەر هەموو ئاستەکان، کورد ئەو چیرۆکە گەورەی بەرانبەر بە داعش و دوای داعش لەو ناوچانەدا هەمووی شکاند، ئەو بە تەنها خۆی سەرکەوت پێویست ناکات باسی دامەزاوەکانی بکەین یان باسی ئاستی سەربازی بکەم. ڕاستییەک هەیە لە سەر ئاستی خۆرئاوا مادام خەباتکردن هەیە مادام خوێندنەوەیەکی ڕاستی لە تێکەڵی جیهان لە پێوەندی رووسیا و ئەمەریکادا هەبێت، بەردەوام لە سەرکەوتندا دەبێت.

*** سەرنجی تۆ سەبارەت بەوەی خۆرئاوای کوردستان لە بەردەم مەترسیدایە وەك ئەوەی لە باشوور ڕووی داوە یان نەخێر ڕۆژبەڕۆژ بەرەو سەرکەوتن دەڕوات، دەتوانێت دەستکەوتی گەورەتر بە دەست بهێنێت، پێی وایە ئەو هێزانەیش کە نایەنەوێت لە پرۆسەی سیاسیی خۆرئاوا بەشدار بن، ئەوە خۆیان یان لە ژێر سیاسەتی قەدەپە دان؟**

**مەحموود محەمەد (ئەبوسابیر):** ڕەنگە ئەوە لە کوردستانی خۆرئاوا دروست ببێت، بە ڕێگای دیپلۆماسی بێت، بە ڕێگای بەڕێوەبردن بێت، بەو ڕێگایە داهاتووی کورد لە کوردستانی خۆرئاوا، لە ژێر مەترسییەکی زۆردایە دەبێت 16ی ئۆکتۆبەر ببێتە ئەزموونێک، دەبێت هەموو لایەنەکان واز لەو قسە و تۆمەتبارکردنە بێنن، هەر لایەنە و ئەوی تر تۆمەتبار دەکات بەو شێوەیە بڕوات داهاتووی کورد لە سووریا لە ژێر مەترسیدایە، ئێمە وەک تەڤگەری سیاسیی کورد دەڵێین پێویستە ئەمڕۆ بگەڕێینەوە سەر مێزی گفتوگۆ بکەن و بگەنە هەڵوێستێکی هاوبەش چ بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە لە چوارچێوەی سووریا چۆن بەڕێوەبەرایەتیی مافی میللەتێکی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیموکراتی و دەستووری و فیدراڵی، مافی هەموو پێکهاتەکان لە دەستوور پارێزاو بێت. بە بڕوای ئێمە یەک هێز بە تەنها ناتوانێت دەستکەوتەکان بە دەست بهێنێت.

***دوایین بۆچوونی تۆ چییە لە سەر ئەوەی خۆرئاوا ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی نالەبارتر لەوەی باشووری کوردستان دەبێتەوە، پێتان وایە ئاسۆیەکی گەشتر باشتر، دوور لە شەڕی ناوخۆ دوور لە دەستتێوەردانی قەدەپە، تورکیا، بەڕێوە دەچێت؟**

**ئیبراهیم برۆ:** مەترسییەکی گەورە هەیە لە سەر کوردستانی سووریا، لەبەرئەوەی ستراتیژی ئەمریکی لە سووریا هەیە، ئەوە مەترسییەکی گەورەیە دوای شەڕی داعش، دەستتێوەردان لە دەستوور هەیە، ئەوە دەستدرێژییەکی زۆر گەورەیە بۆ سەر کورد، ئەو ناوچانەی ئەمەریکای تێدا نییە، ئیدارەی پەیەدە و خۆسەریی پەیەدە هەیە... ئەگەر ئەمەریکا دوای شەڕی داعش لەو ناوچانە نەمێنێت، مەترسیی زۆر گەورە لە سەر کوردستانی سووریا هەیە، هەتا ئێستا نە ڕژێم، نە ئەو خەڵکەی لە ناو سووریای دیموکراتدایە باوەڕیان بە مافی میللەتی کورد نییە، نە دەوڵەتانی دەوروبەر وەک تورکیا، ئێران، کەس ناخوازێت کیانێکی کوردی دروست بکرێت، ترسێکی گەورە لە پێش ئێمەیە.

*** دوای ڕیفراندۆم و دوای 16ی ئۆکتۆبەر، هەرێمی کوردستان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە و ڕووبەڕووی گەلەکۆمەکێیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووەتەوە، دەبێت چی بکات بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، لە کاتێکدا ئێوە لە هێزەکانی خۆرئاوان مانای ئەوە نییە، پێوەندیتان نەبێت بە مەسەلەی باشوورەوە، بەپێچەوانەوە تێڕوانینی جیدیتان هەیە، بە بۆچوونی ئێوە باشووری کوردستان دەبێت چی بکات بۆ دەربازبوون لەو مەترسییانە؟**

**عەبدولباقی یووسف:** بۆ مەسەلەی کوردستان هەموو پێکەوە هاوبەشن، ئاشکرا بوو هێرشی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کاریگەریی هەبوو لە سەر هەموو پارچەکان، باشووری کوردستانیش جێگەی گرینگییدانە بۆ ئێمە، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرینگە بارودۆخی باشووری کوردستان چارەسەر ببێت، چونکە باشوور یەکەم پارچەی کوردستانە، کە ئیدارەیەکی فیدراڵی هەیە، هیواداریین ئەو ئیرادە فیدراڵییە بەهێزتر ببێت. بۆ ئەو ڕووداوانەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویان دا، پێویستە پێداچوونەوەیەکی سیاسی هەبێت، هیواداریین ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد، بەتایبەت هەندێک لە کەسانی سەربەخۆ کۆ ببنەوە و گفتوگۆ بکەن، تا بزانرێت بۆچی ئەم ڕووداوانە بە سەر کورددا دێت، ئەمە کێشەیەکی کۆنە، سیاسەتمەداران و خەڵکی کورد لە ڕابردوو ناڕەزایی زۆریان دەربڕیوە لەوەی کورد ناتوانێت لە ناو خۆیدا یەکگرتوو بێت، بۆیە پێویستە ئەم نایەکگرتووییە کاری لە سەر بکرێت و پێداچوونەوەیەکی سیاسی و فیکری بکرێت، چونکە هەتا ئێستا حکوومەتی هەرێم و پارتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان، کارێکی وایان نەکردووە و ڕۆژبەڕۆژ ناکۆکییەکانی نێوانیان زیاتر دەبێت، هیواداریین بتوانن ژیانی خەڵک باشتر بکەن بەپێی ئەو تواناییانەی لە ژێر دەستیاندایە.

ئەو خۆپیشاندانانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویان دا، شتێکی زۆر ناخۆشە، نەک لەبەر ئەوەی لەگەڵ خۆپیشاندان نەبین، بەپێچەوانەوە خۆپیشاندان مافێکی ڕەوای هەموو هاوڵاتییانە کە داوای مافی خۆیان بکەن، بەڵام هێرشکردنە سەر دامودەزگاکانی حکوومەت و لایەنە حیزبییەکان و ئاساییش، کارێکی نەخوازراوە و کە دەستی وڵاتانی دەوروبەری تێدایە، ئەمڕۆ دەرفەتێکی زێڕینە بۆ دەوڵەتانی دەرەوە کە بتوانن ئەزموونی باشووری کوردستان هەڵبوەشێننەوە، لە کاتێکدا باشووری کوردستان ئێستا بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، بۆیە پێویستە گفتوگۆیەکی فراوان و شەفاف لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکات.

*** ڕیفراندۆم و شکستەکانی لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕوویان دا، پێت وایە چەندە کاریگەریی لە سەر بارودۆخی خۆرئاوای کوردستان هەیە؟**

**عەلی شەمدین:** بێگومان ئەو ڕووداوانەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویان دا، لە هەر کاتێکی تردا ڕوو بدات، دەبێت فاکتەرە خودییەکان لە بەرچاو بگرین، ئەگەر لە ناوخۆدا و لە ڕووی خودییەوە بە تەواوی ئامادەکاری هەبێت، ئەو کات کێشە و دەستتێوەردانە دەرەکییەکان کاریگەرییان نابێت، بەڵام ئەگەر ئێمە لە ناو خۆماندا یەکریز و یەکهەڵوێست نەبین، سەرجەم دەستتێوەردانە دەرەکی و ناوخۆییەکان کاریگەرییان دەبێت، تەنانەت کەس دەستێکی ئیجابیشمان بۆ ڕاناکێشێت لە دەرەوە ئەگەر یەکگرتوو نەبین، کە بەداخەوە دۆستێکی زۆر کەممان هەیە و زۆرێک لە دەوڵەتەکانی دەرەوە دژی مەسەلەی کوردن و دەترسن، جا لە هەر ناوچەیەک بێت، بەتایبەت لە هەرێمێکی وەک کوردستانی عێراقدا، کە لە

پێشووتردا ببوە نیمچە دەوڵەتێک، بۆیە دەبێت هەر لایەنێک لای خۆیەوە دەست پێ بکات و کار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. هەروەها دەربارەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، بێ کاریگەر نەبوە لە سەر خۆرئاوای کوردستان، ئەگەر جارێک کاریگەریی لە سەر کوردی بەشەکانی تری کوردستان هەبووبێت، دە هێندە زیاتر کاریگەریی لە سەر کوردی خۆرئاوای کوردستان هەبوە و دەبێت، چونکە پێوەندییەکی زۆر تایبەت هەیە لە نێوان کوردستانی سووریا و کوردستانی عێراق، لە کاتێکدا لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا کوردستانی سووریا بۆتە پاشکۆیەکی کوردستانی عێراق، بۆیە ئەگەر جارێک کاریگەریی لە سەر کوردستانی تورکیا و ئێران هەبێت، دە جار کاریگەریی لە سەر ئێمە دەبێت.

کە فیدراڵی و ئەزموونی کوردستانی عێراق دروست بوو پاش کەوتنی ڕژێمی عێراق، لە ساڵی 2004 ڕووداوی 12ی ئازار ڕووی دا لە کوردستانی سووریا، بە مانایەکی تر ئێمە لە سووریاوە باجی فیدراڵییەکەی کوردستانی عێراقمان دا. بۆیە شۆڤێنیزمی عەرەب و ڕژێمی بەعس دەیگوت: پێویستە ئەو ئەزموونەی لە کوردستانی عێراق ڕووی داوە، هەر لەئێستاوە ڕێگەی لێ بگرن با نەگاتە ناو کوردستانی سووریا، ئێستایش دەڵێن «داوای مافی کورد مەکەن لە سووریا، تەنها هاوڵاتیبوون بۆ ئێوە بەسە، چونکە ئێستا ئەو ئەزموونەی لە کوردستانی عێراق هەیە، بەرەو تێکچوون دەچێت»، بۆیە دەڵێم کاریگەرییەکی زۆر گەورە و مەزنی لە کوردی سووریا کردوە، هیواداریشم کوردستانی عێراق لەو تەنگژەیە ڕزگاری ببێت. دووبارە و سەدبارەی دەکەمەوە دەربازبوون لەو کێشانە یەکگرتوویە، ڕوون و ئاشکرایە کێشەی کورد لە سەردەمی (ئەحمەدی خانی)یەوە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوە، کە بێگومان تەنها فاکتەرە دەرەکییەکان کاریگەریان نەبوە، بەڵکوو بەشێکی زۆری پێوەندیی هەیە بە کێشە بابەتی و ناوخۆییەکانەوە و کورد یەکڕیز و یەکگرتوو نین لە ناو خۆیاندا.

*** (عەلی شەمدین) دەڵێت «کورد خۆی یەکگرتوو نییە، گوتارێکی هاوبەشی نییە، نەیتوانیوە گوتارێکی یەکگرتووی هەبێت بەرانبەر بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان»، هەروەك نوێنەری پەیەدە بۆ نموونە دەڵێت «ئێمە بۆیە لە خۆرئاوای کوردستان سەرکەوتووین و وەك باشووری کوردستان نین، چونکە لە خۆرئاوا**

**ئێمە ئیرادەی خۆمان ناخەینە دەستی ئەو وڵاتانە، ئێمە خۆمان هێزێکی ستراتیژیی گەورەین و کار دەکەین**

**یەك هێز بڕیار دەدات، نەك وەك باشوور، کە چەندین هێزی جۆراوجۆری هەیە، هەر هێزێك بۆ خۆی بڕیار دەدات»، مەبەستیەتی «هەمان ئەزموونی خۆرئاوا پەیڕەو بکەین لە باشوور»، تۆ پێت وایە هەمان ئەزموونی خۆرئاوا شایەنی ئەوەیە لە باشوور دووبارە بکرێتەوە، لەگەڵ ئەو فرە حیزبییەی کە لە باشوور هەیە، کە هەندێك جار کێشە و گرفتی سیاسی و لێدوان و گوتاری جیاوازی لێ دەکەوێتەوە؟**

**کاوە عەزیزی:** ئاشکرایە من وا ناسراوم کە دژی سیاسەتی پەیەدەم، بەڵام من نە لە دژی پەیەدەم، نە دژی ئەوانەم کە لەگەڵ سیاسەتی پەیەدەن، بەڵام ئەو سیاسەتەی کە پەیەدە دەیکات دوورە لە حوکمداری و شارستانیەت و بنەمای دیموکراسی، ئەگەر باوەڕ ناکەن ئەوە نووسینگەیان لە سلێمانی هەیە با تاقی بکەنەوە و ئەو سیاسەت و ئەزموونە بهێننە سلێمانی، ئەوکات دەردەکەوێت کە قبوڵ دەکرێت یان نا.

ئەو بە ئێمە دەڵێت «هەموو کێشەکانمان چارەسەر کردوە»، ئایا تۆ چیت چارەسەر کردوە لە خۆرئاوا؟ کوا گەلی کورد

لە خۆرئاوا؟ ڕێژەی سەروو (60%-65)ی کوردەکان بوونەتە پەنابەر لە دەرەوەی سنوری سووریادا، لە کوردستانی عێراق و تورکیا و ئەورووپا دەربەدەر بوو، ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژادنێکی دیموکرات لە کوردستانی سووریا بەڕێوە بچێت، 15%ی کورد لە سووریا نەماوە کە بەشداریی هەڵبژاردن بکات، ئێستا حکومێکی کوردی لە سووریا نەماوە، بۆیە دەبێت بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی کوردی کار بکات، ئەوان بۆ گەلانی باکووری سووریا کار دەکەن، بەڵام ئەو گەلانەی کە باکووری سووریا هۆزی عەرەبین، دژی هەبوونی کوردن، ئایا چ ئەزموونێکیان هێناوە، ئایا دیموکراسییان دەستەبەر کردوە؟ فێری مافی مرۆڤیان کردوین؟ سیستمی دیموکراسی بۆ هێناوین؟ بەپێچەوانەوە 65 ساڵە پارتی کوردی هەیە، لیبراڵیکی سیاسی هەبوو، کەلتوورێکی سیاسی هەبوو، شۆڕشی کلتوریمان تێ پەڕاندبوو، فرەیی سیاسی و تۆلێرانس هەبوو، بەڵام هیچ کام لەوانە نەما! ئایا دەبێت ڕێگە بدرێت بە عەشایری عەرەبی و میلیشیا لەگەڵ عەرەبی دێرەزوور و ڕەققە ڕێکبکەوێت و دژی پارتەکانی (ئەنەکەسە)، دژی لەشکری ڕۆژ و دژی پێشمەرگە بێت؟ ئەمە سیستمە چی شەرعیەتێکی هەیە، کە نە ڕژێم قبوڵی دەکات، نە دەوڵەتانی دەرەوە قبوڵی دەکەن، نە ئەمەریکا و ڕووسیا قبوڵی دەکەن، لە هەمان کاتدا ئێمەش قبوڵی ناکەین، واتا پەیەدە هیچ ئەزموونێکی باشی نەهێناوە، بەپێچەوانەوە پێش ساڵی 2011 کورد لە کوردستانی سووریا زۆرینە بووین، بەڵام ئەمڕۆ بووینە کەمینە، واتا پەیەدە ئێمەی لە زۆرینەوە کرد بە کەمینە، ئەمە بوو سەرکەوتنەکەیان؟ ئێستا دەگونجێت ئەم ئەزموونە، کە لە خۆرئاوا سەرکەوتوو نەبوە، بیرێتە باشوور و لەوێ پەیڕەو بکرێت، دوا جار کوردانی شەنگال دەکوژن و لەگەڵ حەشدی شەعبی ڕێکەوتن دەکەن، تاکو کانتۆن لە شەنگال دروست بکەن، ئەمە کوردایەتیی ئەوانە؟

*** کاوە عەزیزی دەڵێت «پەیەدە چ سیستمێکی دیموکراسی بە دەست هێناوە بۆ ئێمە، چ دەستکەوتێکی هێناوە جگە لە لە تاکڕەوی و ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری کوردانی سووریا»، هەروەها داوای هەڵبژاردنێکی ئازاد دەکات، پێی وایە پەیەدە دژی ئەنەکەسە و لەشکری ڕۆژە، کە بێگومان دژی هێزە سیاسییەکانی وەك ئێوەیشە، پێت وایە پەیەدە بۆچی ئەم سیاسەتەی گرتوەتە بەر؟ کە پێشتر (ئیبراهیم برۆ) سەرۆکی پێشووی ئەنەکەسە گوتی: پەیەدە هەمان سیاسەتی پەکەکە جێبەجێ دەکات و قبوڵی نییە کە کەس شەریکی بێت و خەڵك دەخاتە زیندانەکانەوە و ناهێڵێت هیچ ئازادییەك لە خۆرئاوای کوردستان بە دەست بێت، کاوە عەزیزیش گوتی: ئەگەر قبوڵتانە دەتوانن هەمان ئەزموونی خۆرئاوا بهێنن و لە سلێمانی جێبەجێی بکەن، کە ئێوە ڕێگەتان داوە نوێنەرایەتی بکات؟**

**عەبدولباقی یووسف:** بەڕاستی ئێمە خۆیشمان لەناو ئەنەکەسەداین و حیزبێکی جیاواز نین، پەیەدە سیستمێکی تاکڕەوانە لە خۆرئاوای کوردستان جێبەجێ دەکات، سەرەتا زۆر هەوڵمان دا یەکڕیزیی کورد دروست بکەین، ئەو کاتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد گەورەترین هێز بوو لە خۆرئاوای کوردستان، تێکڕای دەوڵەتان لەگەڵمان بوو، ئەو کاتە پێگەی ئەنجوومەن زۆر کاریگەر و باش بوو، سازشیکی باشمان بۆ کرابوو، (پارتی پێشکەوتنخوازی کورد-سووریا)یش لەگەڵمان بوو، زۆر هەوڵماندا یەکڕیزیی ناو ماڵی کورد دروست بکەین، بەڵام بەداخەوە پەیەدە بەو ئەزموون و ستراتیژ و عەقڵەیەتە تایبەتەی کە هەیبوو، ڕێگەی نەدا و هەوڵی دا سیستمی تاکڕەوی جێبەجێ بکات لە خۆرئاوای کوردستان و (ڕێکەوتنی هەولێری یەک و هەولێری دوو و دهۆک)ی جێبەجێ نەکرد، من نالێم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد کەموکورتیی نەبوو، بەپێچەوانەوە هەیەتی، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە، کە بەو شێوەیە قسە بکەین، پەیەدە ئەو ستراتیژییە جێبەجێ دەکات و هەوڵ دەدات دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بە سەر خەڵکدا و دەیەوێت لایەنەکانی تر لاواز بکات، ئێمە نابێت بە مەبەستی کێشە دروستکردن چاو بە مێژوودا بخشێنینەوە، بەڵکوو پێویستە سوودی لێ وەربگرین، بۆ ئەوەی کەڵک وەربگرین. پەیەدە پەیوەست نەبوو بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنە، ئاشکرایە تێکەڵاویی ئەوان لەگەڵ حکومەتی سووریا و ئێران بوو، ئەمڕۆ شتێکی تازە دروست بوە، حکوومەتی سووریا دوای ئەو ڕووداوەی لە باشووری کوردستان ڕووی دا، (بەشار ئەسەد) بە زمانی خوی هەموو شتێکی کوردی ڕەت کردەوە، لە چەند ڕۆژی پێشوودا پەیەدەی بە خائین ناو برد، کە پێوەندیی لەگەڵ ئەمەریکا دەبەستێت، هەروەها لە ماوەی ڕابردوودا لە کۆبوونەوەی «ئەستانە»دا ئامادەکاری دەکرا بۆ کۆنگرەی

«سوچی» تایبەت بە گەلانی سووریا، حکوومەتی تورکیا و ئێران پێکەوە هەڵوێستیان هەبوو بۆ قبوڵنەکردنی بەشداریی پەیەدە، یان ئیدارەی زاتی لە خۆرئاوای کوردستان تا بەشداریی ئەو گفتوگۆیە نەکات، ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی زۆر باشە، چونکە ئەو ئەزموونەی پەیەدە جێبەجێی دەکات، دەرئەنجامی خراپی دەبێت، لەبەر ئەوەی ناکرێت تەنها یەک هێز و یەک دەسەڵات هەبێت، بۆیە نابێت لەو گفتۆگۆیەدا بەشداری بکات لەبەر پاشەڕۆژی سووریا، ئەگەر بەشداریی ئەو گفتوگۆیە بکات، ڕەنگە کاریگەریی هەبێت بۆ جێبەجێنەکردنی مافی کورد، بۆیە بۆ ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کورد، دەبێت پەیەدە سازش بکات و واز لە یەکڕەوی و تاکڕەوی بهێنێت و ئامادە بێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجوومەنی کورد و هێزی تری خۆرئاوا بکات.

*** هەندێك سەرچاوە بۆچوونی هەر یەك لە عەبدولباقی یووسف، کاوە عەزیزی پشتڕاست دەکەنەوە، کە لە لایەکەوە پەکەکە و هێزەکانی لە شەنگال بە دەستی دەرەکی دەیانەوێت هیلالی شیعی تەواو بکەن، بۆ تێپەڕینی هێزەکانی عێراق و ئێران بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست لەو ناوچەیە و هاوکاریکردنی هێزەکانی بەشار ئەسەد لە قامیشلۆ و ناوچەکانی تر، لە هەمان کاتدا لە خۆرهەڵاتی کوردستان چ پەکەکە و چ پژاك هێزەکانی تر بە ڕەسمی ناناسن و لەو بارەیەوە کێشەی زۆریان هەیە، تەنانەت لە خۆرئاوای کوردستان جگە لەو ململانێ سیاسییانەی دەستیان پێ کردوە، بۆ نموونە بۆچوون و تێڕوانینی کەسایەتییەکی وەك (عەبدولحەمید دەروێش)یش بە هەند وەرناگرن، کێشە لەگەڵ ئێوە دروست دەکەن، ئەم تاکڕەوی و توندڕەوییەی پەکەکە دەیکات لە خۆرئاوا و پارچەکانی تر، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە، پێت وایە پەیەدە سازش لە بۆچوونەکانی دەکات، لە هەمان کاتدا هەڵوێستی هەموو هێزەکانی خۆرئاوا چییە بەرانبەر بە پەیەدە، بۆچی گوتارێکی یەکگرتووتان نییە بەرانبەر ئەو تاکڕەوییەی هەیەتی، وەك گوتم: ئیبراهیم برۆ دەڵێت «پەیەدە ڕێگا نادات لە سووریا کار بکەین و هەڕەشەمان لێ دەکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا پەیەدە بانگەشەی یەکڕیزی دەکات، لە کاتێکدا سەرکردەکانمان لە زیندانەکانی ئەواندان و بارەگاکانمان دەسووتێنن و کوشتن و بڕین دەکەن»، بۆچی سنورێك بۆ ئەو دەسەڵات و کارانەی پەیەدە و پەکەکە دانانرێت، لە کاتێکدا ئێوە هێزگەلێکی زۆرن لە خۆرئاوای کوردستان؟**

**عەلی شەمدین:** پرسیارێکی زۆر گرینگە، هەموو ئەو ڕەخنە و گلەییانەی ڕووبەڕووی پەیەدە دەکرێنەوە پێوەندییەکی زۆری بە ئێمەیشەوە هەیە، چونکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئێمە بەشێک بووین لە ئەنجوومەن، تا ئەوکات تەحەمولی ئەو قۆناغەمان کرد، چونکە بەشێک بووین لەو ئەنجوومەنە، غەدر دەکەین ئەگەر هەموو ئەم کارەساتانە بخەینە پاڵ پەیەدە، پەیەدە هێزێکە کە خۆی ڕێک خستوە بەو شێوەیەی لە پێشتردا باس کرا و ببێتە دیفاکتۆ، بەڵام ئایا ئێمە چیمان کردوە؟ ڕاستە ئێمە 7 ساڵ هەوڵمان داوە لەگەڵ ئەوان ڕێک بکەوین و زۆرینەی پەیەدەیش قبوڵ دەکەین، بەڵام پەیەدە یەکڕیزی ڕەت دەکاتەوە، هەموو دەسەڵاتەکانی گرتوەتە دەستی خۆی و هێزێکی دروست کردوە، (وەک یەپەگە) کە ئێمە ناتوانین بەرانبەری بوەستین، لە کاتێکدا بۆتە سیمبولێک لە دژی تیرۆریستان، لە قازانجی پەیەدە هیچ هێزێکی تر نەبێت و هەوڵیش دەدەن، بەڵام بۆ ئێمە یارمەتیی ئەوان دەدەین؟ بۆ یەکڕیزییەک لە ناو خۆماندا دروست ناکەین؟

کاتێک باس لە هیلالی شیعی دەکرێت، کێشە لەناو کورددا دروست دەبێت، بەشێکی زۆر لە چاودێران دەڵێن «سووریا خاڵی بەیەکگەییشتنی نێوان هیلالی شیعی و هیلالی سوننی سەردەمی عوسمانییە» بەمەیش بەرژەوەندیی خۆی دەستبەر دەکات، کارەسات لەو کاتەوە دروست بوو، کە کورد دابەش بوو بە سەر دوو میحوەردا، ڕاستە ئەنەکەسە سیاسەتێکی کوردی و نەتەوەیی پەیڕەو دەکات، بەڵام وردەوردە کەوتە ناو ئۆپۆزسیۆن و پاشان بۆ ناو تورکیا... هتد، پەیەدەیش بە هەمان شێوەیە، لە کۆنگرەی یەکەمی ئەنجوومەنی کوردی سووریا خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە، کە ئێمە هیچ گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕژێم ناکەین، ئەگەر لە ڕێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە نەبێت، ئەو ئۆپۆزسیۆنەیش کە لە ماوەی ئەو 7 ساڵەدا دروست بوو، دەستێکی ڕژێمی تێدا بوو، لە هەمان کاتدا

شۆڤێنیزمی ئیسلامیی سەرکردایەتیی دەکرد، بۆیە وەردەوردە مافی کورد ون بوو و نەما، هەم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەم لە ئۆپۆزسیۆندا، لەم حاڵەیشدا نە ئێمە نە پەیەدە، هیچ پێداچوونەوەیەکمان لە خودی خۆماندا نەکرد، ڕاستە ئەنەکەسە تەنها نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی جنێڤ و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، پەیەدەیش لە سەر ئاستی ناوخۆیی و لە واقیعدا، هەر یەکێک لەوانە دەیویست لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە، پەیەدە قبوڵ ناکات شەریکی هەبێت لە سەر زەمینەی واقیع، هەروەها ئەنەکەسەیش پێی خۆش بوو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی تەنها خۆی نوێنەرایەتیی کورد بکات، بۆیە کێشە لەم خاڵەدا هەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەک پێویستە هەر یەکێکیان پێداچوونەوە بە خۆیاندا بکەن.

*** کەواتە هەمووتان هاوڕان لە سەر ئەوەی پەیەدە تاکڕەوانە کار دەکات و خەڵك دەخاتە زیندانەکان، لە هەمان کاتدا (د.جاویدان حەسەن) دەڵێت «ئێمە ئیرادەی خۆمان ناخەینە دەستی ئەو ولاتانەوە»، بەڵام لە بەشێکی زۆری سەرکردەکانی ئێوە بیستراوە، کە جگە لەم کارانەی پەیەدە و پەکەکە، بەڵکوو پاشکۆی سووریان و پەیەدە پاشکۆی پەکەکە و سیاسەتی پەکەکە جێبەجێ دەکات، تەنانەت بەشێك لە سەرکردەکانی باشووری کوردستان پێیان وایە پەکەکە سیاسەتی عێراق و حەشدی شەعبی لە شەنگال و هەندێك ناوچەی تر جێبەجێ دەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا پەیەدە دەڵێت «ئەنەکەسە سیاسەتی پارتی لە خۆرئاوا پەیڕەو دەکات، هەروەها دژی لەشکری ڕۆژین، چونکە دەیەوێت سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خۆرئاوا جێبەجێ بکات، ئێمە ڕێگای پێ نادەین»، کام لەم بۆچوونانە ڕاستن؟ لەگەڵ ئەوەیشدا ئێوە بۆ ناتوانن بەرەیەك دروست بکەن بەرانبەر ئەو هەژموون و ستەمگەرییەی کە پەیەدە دروستی کردووە لە خۆرئاوا؟**

**کاوە عەزیزی:** لەڕاستیدا پەیەدە باڵی پەکەکەیە لە خۆرئاوا، کە جگە لە خۆیان و فەلسەفە و سیاسەتی خۆیان کەسێکی تر نابینن، واتا هەمان ئەو فەلسەفە و سیاسەتەی کە شاخ و ئەشکەوتەکان هەیە لە خۆرئاوای کوردستانیش پەیڕەو دەکرێت، ئێمە سێ ڕێکەوتنمان لەگەڵ ئەوان هەیە، دەمانەوێت حکومێکی هاوبەش و لەشکرێکی هاوبەش و هەڵبژاردن و سیستمێکی دیموکراتی هەبێت، ئێمە دەڵێین «بەرگری لەو خاکە بکەن»، نەمانگوتوە بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق فەرز بکەن، ئەوان دەڵێن «ئەنەکەسە قبوڵ ناکەین، چونکە فەلسەفەی بارزانی لە خۆرئاوا دەسەپێنێت»، لە کاتێکدا خودی خۆیان فەلسەفەی (ئۆجەلان)یان سەپاندوە، واتا ئەوەی بۆ خۆیان قبوڵیانە بۆ بەرانبەرەکەیان قبوڵ نییە، ڕاستە ئێمە بارزانیین، بەڵام لە هەمان کاتدا کوردی سووریاین و دەمانەوێت سیاسەتەکەمان سیاسەتێکی سووری بێت و دەمانەوێت خەڵکی کوردی سووریا بپارێزین، ئایا پاراستنی سووریا لە بەرژەوەندیی پەکەکە، یان لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانە؟ ئەمڕۆ پەیەدە شەڕ لە سەر خاکی کوردستانی سووریا دەکات، سەرەتا دەچوونە سەر شەقامەکان و دەیانگوت: بڕوخێت ڕژێمی بەعس و لە سنوری تورکیادا دەیانگوت: بڕوخێت (ئەردۆگان) و تورکیا، ئایا شەڕی ئێمە، شەڕی (ئەردۆگان) و تورکیایە؟ چوار ساڵ پێوەندیی باش بوو لەگەڵ تورکیا گفتوگۆ هەبوو، تورکیا و پەیەدە خۆشحاڵ بوون، ئاشکرایە (ساڵح موسلیم) دەچوو لەگەڵ (هاکان فیدان) سەرۆکی میتی تورکیا چای دەخوارد، بەڵام ئێمە چووین لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا قسەمان دەکرد، پێیان دەگوتین ئەوانە ئەردۆگانین، بەڵام (هاکان فیدان) نائەردۆگانییە، ئێمە تووشی کێشەیەک بووین، کە بوە هۆی لەباربردنی چارەسەری کێشەی کورد لە سووریا، بۆیە ئێستا کوردستانی سووریا تەنها بە ناو ماوە، نە بە هەڵبژاردن کێشەی کوردستانی سووریا چارەسەر دەبێت، نە بە شەڕ، لەهەمان کاتدا بووینەتە دوژمنی هەموو پارچە و لایەنێک، عەرەب و ڕژێم و تورکیا دوژمنمانن، ڕووسیا و ئەمەریکایش دەستمان ناگرن و خۆمان شەڕی خۆمان دەکەین.

*** لە کاتێکدا بەشێکی زۆری هێزەکانی خۆرئاوای کوردستان دژی سیاسەتی پەیەدە و تاکڕەوی و گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیای پەکەکەن بۆ خۆرئاوای کوردستان، بۆچی نەتانتوانیوە بەر بە سیاسەتی پەیەدە بگرن، پێتان وایە خودی خۆشتان یەکگرتوو نین، بەشێکتان پشتگیریی سیاسەتی یەکێتی دەکەن، بەشێکتان پشتگیریی سیاسەتی**

**پارتی دەکەن، بەشێکیشتان پشتگیریی سیاسەتی خۆرئاوا دەکەن، بۆچوونی خۆتان گوتارێکی یەکگرتووتان نییە، بۆئەوەی بەر بە سیاسەتی پەیەدە بگرن، تا پەیەدە لە قەبارەی خۆی بچووکتر بکەنەوە و ڕێگا نەدەن بە ئارەزووی خۆی خەڵک زیندانی بکات، بارەگا بسووتێنێت، سیاسەت بکات لەگەڵ ڕژێمی (بەشار ئەسەد)، نەوت بفرۆشێت؟**

**کاوە عەزیزی:** ڕاستییەک هەیە کە دەبێت خەڵکی کورد بیزانێت، ئەویش ئەوەیە، کە پەیەدە لە کوێ بوو؟ پەیەدە لە کوردستانی عێراق لە ناو شاخ بوو، لەناکاو هاتە ناو شەقامی کوردستانی سووریا بە چەقۆ و شەڕ، حکوومەتیش کوردستانی سووریای ڕادەستی ئەوان کرد و بە ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئێران و سووریا هاتە ناو سووریا، ئایا ئەو ڕادەستکردنە بەرانبەر بە چ شتێکە: دوو خاڵ بوو:

-1 لە دژی ئۆپۆزسیۆنی سووریا ڕاوەستێت و کوردستانی سووریا بپارێزن لە ئۆپۆزسیۆنی سووریا.

-2 لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕاوەستن، تا ئەنەکەسە و پارتی پێشکەوتن و هیچ پارتێکی تر لە ناو کوردستانی سووریا نەبێت.

ئێمە گروپی سەربازییمان هەبوو، ئەوان بە هێرش و شەڕ و کوشتن هەموویان تێکدا، ئێمە نەماندەویست شەڕی براکوژی ڕوو بدات، بەڵام ئەوان بەپێچەوانەوە کاریکیان کرد بۆئەوەی شەڕی براکوژی دروست بێت، ئێمە دە هەزار پێشمەرگەمان لە سەر سنور هەیە، ئەگەر بمانەوێت دەتوانن بە چوار سەعات بگەنە قامیشلۆ، بەڵام ئێمە نامانەوێت شەڕی براکوژی دروست ببێت، بۆ نموونە من زۆر پێم ناخۆشە ئەنەکەسە کەموکورتیی هەیە، بۆچی پارتی پێشکەوتنخوازی کورد ئامادە نییە وتووێژ لەگەڵ ئەنەکەسە بکەن؟ نەک تەنها ئەوان بۆچی هەموو لایەنەکانی تر نایەنە ناو ئەنەکەسە؟

*** ئێوە بەشدار بوون لە ئەنەکەسە، بۆچی لە دواییدا کشانەوە؟ بۆ ئێستا ناچنەوە ناو ئەنەکەسە، تا ئەو بەرەیەی کە هەمووتان داوای دەکەن دروست ببێت بەرانبەر بە پەیەدە؟**

عەلی شەمدین: پێشتر باسم کرد، ئەگەر هەموو کارەساتەکان بخەینە ملی پەیەدە، بێگومان غەدر لە پەیەدە دەکەین، نەک لەبەر ئەوەی پشتگیریی پەیەدە یان ئەنەکەسە بکەم، بەڵکوو پێویستە ڕاستگۆ بین، پاشەکشەی ئێمە لە ئەنەکەسە، بە

> **ئامانجی ئەوە بوو خەڵکی کەرکووک بڕۆنە دەرەوە، پاشان هێرش بۆ سەر کەرکووک دەستی پێ کرد، دواتر بڵێن بە ئەمەریکا و ئەورووپا بڵێن بە هانامانەوە وەرن، بڵێن میللەتی خۆمان وێران بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان ویستی ئەو بابەتە دروست ببێت**

هۆی ئەوەوە بوو، کە ئەنەکەسە هێندە سیستم و هەڵوێستی بەڕێوە دەبرد، کە ئێمەی قبوڵ نەبوو.

*** وەک چی؟**

**عەلی شەمدین:** کاتێک ئەنەکەسە دروست بوو، چەند حیزبێکی گەورە و بچووک لە دەرەوە هەبوون، هەموویان کۆ کردەوە بۆ یەکڕیزی، لە ٧ ساڵدا حەوت حیزب هاتنە ناو ئەنەکەسە، یانزە حیزب دەرچوون، ئێستاش بیست حیزب ماونەتەوە، ئەم هەموو حیزبە چییە؟ لە کوێوە هاتوون؟ ئەنەکەسە لەبریی ئەوەی یەکخستنی پارت و حیزبەکان بە دی بێنێت، وەک کارگەی چەندین پارت و حیزبی زیاد کرد، ئەمەیش ناخۆشییەکی گەورە بوو، بڕیاری ئەنەکەسە کەوتە دەستی حیزبی بچووک، ئێمە و یەکێتیی کوردی سووریا ڕێکەوتنمان کرد کە (عەبدولباقی یووسف)یش ئەو ڕێکەوتنەی واژۆ کردووە، کە پارتە سەرەکییەکان هەوڵ بدەن بڕیاری ئەنەکەسە لە دەستی حیزبە کاریگەرەکاندا بێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو ڕێکەوتنە جێبەجێ نەبوو، ئەمە پرسیارێکە، کە بۆ جێبەجێ نەبوو؟

لە لایەکی تر، ئەو کارەسات و کێشانەی لە کوردستانی سووریا

و هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تر دروست بوو، ئەو کات ئەمەریکا و ڕووسیا و هەموو وڵاتان پێداچوونەوەیان دەکرد، ئێمە لە ڕێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە لەگەڵ تورکیا پێوەندیمان هەبوو، ئاسایی بوو مافی خۆیشمان بوو، بەڵام لە کۆتاییدا پێچەوانە بوەوە تورکیا دژی ڕژێمی سووریا بوو، دەیویست ڕژێمی سووریا بڕوخێنێت، بۆیە یارمەتیی ئۆپۆزسیۆنی دەدا، بەڵام ئێستا تورکیا لەگەڵ ڕژێمی سووریا ڕێکەوتنی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەنەکەسە ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە یارمەتیدانی کوردستان توانیبووی نوێنەرایەتیی کورد بکات لە جنێف و تەنها کورد بوون لە کۆنگرەی جنێف، ئێستا ناتوانن فیکری خۆیان بگۆڕن بە شۆڤێنی و تەنها داوای مافی خۆیان بکەن و هەڵوێستی خۆیان بسەلمێنن، ناڵێم بەرگریی نەکردوە، بەرگریی کردوە، بەڵام وەک پێشتر گوتم: وردەوردە ئۆپۆزسیۆن کەوتە دەستی ئیسلامییەکان و شۆڤێنی بەعسی.

*** بۆچوونێك هەیە، گوایە پاشەکشەی ئێوە لە ئەنەکەسە لە ژێر کاریگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوە؟**

**عەلی شەمدین:** نەخێر، خاڵێکی یەکێتی هەیە کە جێگەی سەربەرزییە، 10 ساڵ پشتیوانیی ئەنەکەسەمان کردوە لەگەڵ حیزبی تر بووین، سووریا و ئەنەکەسە دژی پەیەدە بوون، ئەوان لەگەڵ ئەوەی هاوکاریی پەیەدەیان دەکرد، ڕۆژێک لە ڕۆژان پێیان نەگوتین بۆ کارێکی وا دەکەن، بۆ سەربەخۆ و ئازادن! ئەمە خاڵێکە کە نابێت لە بیر بکرێت.

*** ئێوە کە تا ئێستا لەگەڵ ئەنەکەسە ماون، کاوە عەزیزی گوتی: بۆچی پارتی پێشکەوتنخوازی کورد نایەتەوە ناو ئەنەکەسە، ئایا بە هاتنی ئەوان ئێوە دەتوانن پێش بەو هەژموونەی پەکەکە بگرن، هەروەها (عەلی شەمدین) باس لەوە دەکات، لە کاتێکدا ئەوان پشتیوانیی ئەنەکەسەیان کردوە، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پشتیوانیی پەیەدەی کردوە، هیچ ناڕەزاییەکی نەبوە، پێشتوانییە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیاد لە پێویست پشتیوانی و هاوکاریی مادی و سیاسی و ڕاگەیاندنی پەیەدەی دەکرد، هەر بەو شێوەیەی کە پارتی هاوکاریی ئێوە و ئەنەکەسە دەکات؟**

**عەبدولباقی یووسف:** وەک چۆن هاوکاری باشووری کوردستان بۆ ئێمە کاریگەریی باشی دەبێت، بە هەمان شێوە ناکۆکیی نێوانیشیان کاریگەریی خۆی هەیە، ئەو ناکۆکییەی لە دوای ساڵی 2012 دروست بوە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، کاریگەریی لە سەر خۆرئاوای کوردستان هەبوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاوکارییەکی زۆر باشی پەیەدەی دەکرد، کە وایکرد پەیەدە کاریگەرییەکی زیاتری هەبێت، بێگومان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاریگەریی هەبوو لە بەهێزکردنی پەیەدەدا، مەبەستم ئەوەیە ناکۆکیی باشووری کوردستان کاریگەری لە سەر خۆرئاوای کوردستان دەبێت، بۆیە پێویستە ئێمە پێداچوونەوەیەکی دروست و جیدی بکەین لە خۆرئاوای کوردستان.

دەبێت بۆ هەڵوێستەکانی پەیەدە پرۆژەیەکمان هەبێت، کە نە ڕێگە لە کارەکانی پەیەدە بگرێت، نە هەموو کارەساتەکان بخاتە ملی پەیەدە، ئێمە وەک ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد پێویستە پێداچوونەوەیەک بکەین، ئەم پێداچوونەوەیە ڕێگە بۆ ئەو هێزانە خۆش بکات کە لە ناو ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورددان، تا گەشە بکەن و کاربکەن، بۆ نموونە پارتی پێشکەوتنخوازی کورد، تا هەڤاڵانی پەدەکەسە لە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورددا پێداچوونەوە لە سیاسەتی خۆیاندا بکەن، نابێت پەدەکەسە لە سووریا هاوشێوەی پەیەدە خۆی بسەپێنێت لە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد، کە پەیەدە هەژموونی خۆی سەپاندوە بەسەر خۆرئاوای کوردستان و تەنها سیاسەتی خۆی جێبەجێ دەکات، ئەمە ڕاستییەکە کە دەبێت پەدەکەسە خۆی لەگەڵ بگونجێت، هەروەها دەبێت ئەنجوومەن هەڵوێستی هەبێت بەرانبەر ئەو لایانانەی لەناو ئۆپۆزسیۆندان، لەگەڵ ئەوەیش پێویستە بەشداریی ئەو گفتوگۆیە بکات، کە لە جنێف دەکرێت لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئێمە هەوڵ دەدەین، کە ئەو گفتوگۆییە نابێت بەبێ کورد ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد هەوڵێکی جیدی بدات، لەو باوەڕەدام لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و تورکیا سازش بکەن، لەم چوارچێوەیەیشدا پێویستە هەڤاڵانی پارتی پێشکەوتنخوازی کورد پێداچوونەوە لە سیاسەتی خۆیاندا بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئەنجوومەنی نیشتمانی دەرچوون، هەمان سیاسەتی پەیەدە پەیڕەو نەکەن، بۆئەوەی یەکڕیزیی ناو ماڵی کورد دروست ببێت.

*** پێشووتر فەتحوڵڵا حوسێنی گوتبووی «هەموو کات داوامان لە ئەنەکەسە کردوە، ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و واز لەو تەشویشە بهێنێت کە لە سەر خۆرئاوای کوردستان دروستی کردوە، کە هەمیشە خەریکی سیاسەتی داگیرکەرانە، دەیەوێت سیاسەتی پارتی جێبەجێ بکات، کێشەمان بۆ دروست دەکات، دەچێتە ناو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە دژی خۆرئاوای کوردستانە»، ئایا ئێوە دەتوانن بگەنە ڕێکەوتنێك، یان پێویستتان بە بەرەیەکی یەکگرتوو هەیە، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی پەیەدە و یەکەکە ببنەوە لە خۆرئاوای کوردستان؟**

**کاوە عەزیزی:** هێندەی عەبدولباقی یووسف سەرۆکایەتیی ئەنەکەسەی کردوە، من نیو هێندەی ئەوان وەک پەدەکەسە سەرۆکایەتیی ئەنەکەسەم نەکردوە، ئاشکرایە ئەنەکەسە قەوارەیەکی زۆر زۆر دیموکراتە و کاک (عەلی شەمدین) یش باش ئەوە دەزانێت، وەک گوتت: فەتحوڵڵا حوسێنی دەڵێت «ئەنەکەسە دەچێتە ناو هێزانەی کە دژی خۆرئاوان»، کە مەبەستی ئۆپۆزسیۆنی سووریایە، ئۆپۆزسیۆنی سووری نوێنەرایەتیی گەلی سووریا دەکات، کە نزیکەی 180 دەوڵەت دانیان پێدا دەنێت، ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانەین، کە دەمانەوێت ئەنەکەسە بەشداریی کۆنگرەی جنێڤ بکات و بەرگری لە مافی کورد بکات، گونجاو نییە بڕیاری پەیەدە لە ئێران و سووریا بسەپێنرێت بە سەر کوردانی سووریا، بەڵکوو بڕیاری پەیەدە تەنها لە قەندیل جێبەجێ دەکرێت، ئێمە نە خزمەتکاری (بارزانی)ین، نە سیاسەتی بارزانی لە خۆرئاوای کوردستان دەسەپێنین، بەڵکوو دەخوازین مافی کورد لە سووریا بسەپێنین.

*** قبوڵیشتان نییە سیاسەتی یەکەکە لە خۆرئاوا جێبەجێ بکرێت؟**

**کاوە عەزیزی:** بێگومان قبوڵی ناکەین.

*** بەڵام لە واقیعدا ئێستا پەیەدە سیاسەتی یەکەکە جێبەجێ دەکات لە خۆرئاوا، بۆ ئەمەتان قبوڵە؟**

**کاوە عەزیزی:** یەکەکە تەنها خۆیەتی.

*** ئەڵتەرناتیڤ و چارەسەر چییە؟**

**کاوە عەزیزی:** من ڕەشبین نیم، بەڵام کوردستانی سووریا لە گێژاوێکی مەزندایە.

*** بۆچی یەکەکە لە هەموو ئەو پارچانەی کوردستان دەستتێوەردان دەکات، گێرەشێوێنی دروست دەکات، لە ماوەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ئاماژەکان باس لەوە دەکەن، کە یەکەکە بەشێکە لەو ئاژاوە و پشێوییانەی کە دروست بوون لە هەرێمی کوردستان، کاتێك هێزەکانی خۆرهەڵات قسە دەکەن، پێیان وایە یەکەکە دەیەوێت کوێخایان بۆ دابتاشێت، لە خۆرئاوا هەمان کێشەتان هەیە، لە شەنگال دەچێتە سەر خەڵك، لە سنورەکانی شارباژێر خەڵکی ئاوارە کردوە بە هۆی بوونی بارەگا و بۆردوومانی فرۆکەکان، بۆچی یەکەکە ئەم سیاسەتانە جێبەجێ دەکات، بۆچی هێزە کوردستانییەکان سنورێکی بۆ دانانێت؟**

**عەبدولباقی یووسف:** ئاشکرایە پەیەدە حیزبێکی دۆکترینیی و عەقیدەیەک جێبەجێ دەکات، بە مانایەکی تر پارتێکی مارکسیستییە، بنەمای شەراکەت و هاوبەشیکردن لەگەڵ ئەو حیزبە نییە، عەقڵیەتێکی تاکڕەوانەی هەیە، تەڤگەرە کوردستانییەکانی هەر سێ پارچەی کوردستان، واتا خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشوور بە دواکەوتوو دەزانێت و زۆر جار تۆمەتباریان دەکات و بە خیانەتکار ناویان دەبات و هەر دەرفەتێکی دەست بکەوێت دەستتێوەردان دەکات، لە خۆرئاوای کوردستان چەندین دەستتێوەردانی خراپ دەکات، لە کاتێکدا پێویستە ئێستا ناو ماڵی کورد یەک بخەینەوە و بارودۆخی سووریا چارەسەر بکەین، بۆیە پێویستە کورد یەکدەست بێت و یەک گوتاری سیاسیمان هەبێت و جێگەی خۆمان هەبێت لە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان، کە بەداخەوە تا ئێستا کارێکی وەها نەکراوە.

*** چی بکرێت لە خۆرئاوای کوردستان بۆ ڕێگریکردن لە سیاسەتەکانی یەکەکە و پەیەدە؟**

**عەلی شەمدین:** دەبێت پێش هەموو شتێک واز لە سیاسەتی تەخوینکردنی هێزەکانی تر بهێنین، ڕاستە کاری پەیەدە خراپ دەکەن لە سووریا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیش چەندین کاری باشی کردوە، بۆ نموونە شەڕی لە دژی داعش کردوە و چەندین ناوچەی کوردی پاراستوە، بەڵام بە تۆمەتبارکردن کێشەکان

چارەسەر نابێت، بۆیە دەبێت واز لەو سیاسەتە بهێنن، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر ئەگەر سیاسەتی دژیەک هەیە لە نێوان ئەنەکەسە و تەڤدەم، ئەگەر پەیدەدە تۆمەتی ئەوە دەکات کە ئەنەکەسە لەگەڵ تورکیایە، کە ئەمە بۆچوونی ئێمە نییە، کە دەڵێن «پەیدەدە لەگەڵ ئێرانە»، ئەمەیش بۆچوونی ئێمە نییە، تورکیا و ئێران پێکەوە ڕێک دەکەون، ڕووسیا و ئەمەریکا ڕێکەوتن دەکەن، ئەی کەواتە بۆ ئێمە ڕێک ناکەوین؟ لە ماوەی ڕابردوودا وێنەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بوەتەوە، کە سەرکردایەتیی ئەنەکەسە لەگەڵ پەیەدەیە، بەڵام شتێکی هێندە گرینگ نییە، ئەگەری هەیە ئەنەکەسە لە دوای بەستنی کۆنگرەی سێیەمی خۆی و گۆڕینی سەرکردایەتییەکەی هەوڵێک بدات بۆ یەک هەڵوێستی ئامادە بێت.

***دوایین قسەی بەڕێزت چییە؟**

**کاوە عەزیزی**: وەک لە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بێگومان پاراستنی کوردستانی سووریا پەیوەستە بە یەکێتیی ئێمەوە، ئێمە ئەگەر لە کوردستانی سووریا یەکگرتوو نەبین، کوردستانی سووریا نامێنێت.

# بایۆگرافیا

**فەتحوڵڵا حەسەن حوسێنی**

1970 لە قامیشلۆ لە دایک بوە.

ئەندامی نوخبەی ناوەندی سیاسیی کورد لە سووریا.

**جاویدان کەماڵ حەسەن**

1980 لە حەسەکە لە دایک بوە

هاوسەرۆکی نوێنەرایەتیی خۆرئاوای کوردستان لە باشوور

**هۆشنگ دەروێش**

1968 لە دایک بوە.

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا

**سلێمان عەلی عەرەب**

1981 لە تربەسپی لە دایک بوە

نوێنـەری پارتـی یەکێتیـی نەتەوەیـی دیموکـرات لـە باشـووری کوردسـتان